# ژنان

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٨ی گۆڤاری «ژنان»

## ڕاپەڕینی ژینا و کورتە ڕامانێک




دووهەمین ساڵوەگەڕی بزوتنەوەی ژن ژیان ئازادی و بەشداری ژن لەم بزوتنەوەیەدا

بۆ خەبات چ زۆرە ڕێگا

پێگەی ژن لە سۆفیگەری و عیرفاندا

چیرۆکی ئازاری ژیان

زمانی جەستە چییە؟







ژنانی وڵاتی من

زمان ئامرازێک بۆ پەیوەندی یان هێمایەک بۆ بوون

ئاوڕدانەوەیەک لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی و خەسارناسی و دەستکەوتەکانی

سوودەکانی ڕۆژماری

# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ژماره ٦٨ گۆڤاری «ژنان»

سەرنووسەری گۆڤار:
نەسرین یوسفزداه
**دەستەی نووسەرانی ئەو ژومارەیە**
ب. هانا
شاماران
جەماڵ فەتحی(کۆچەر)
شەهلا کاوە
ف.پ-ڕێباز
شەهلا دەباغی
نەسرین یوسفزادە
فەتاح ڕەسووڵی
ناسک نەسیری
جیهان بێتووشی
+++دیزاین:
هەژار خەندانی
دیزاینی بەرگ:
٤٩ کتێب

**هاوکاران**
**شاماران**

پێرستی بابەتەکان

١ـ پێرێست
٢ـ ژنانی وڵاتی من
٤–دووهەمین ساڵوەگەڕی بزوتنەوەی ژن ژیان ئازادی و بەشداری ژن لەم بزوتنەوەیەدا
٦–زمان ئامرازێک بۆ پەیوەندی یان هێمایەک بۆ بوون
٨–بۆ خەبات چ زۆرە ڕێگا
١٠–پێگەی ژن لە سۆفیگەری و عیرفاندا
١٢–باسێک لەسەر کتێبی «بڕکی ڕزگاری»
١٥–زمانی جەستە چییە؟
١٦–چیرۆکی ئازاری ژیان
١٨–ئاوڕدانەوەیەک لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی و خەسارناسی و دەستکەوتەکانی
٢٠– ڕاپەڕینی ژینا و کورتە ڕامانێک
٢٢–سوودەکانی ڕۆژماری

**بۆ پێوەندی کردن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران:**

**لینکی گۆڤاری ژنان لە سایت:** https://www.kurdwomen.org/category

**٠٠٩٦٤٧٥٠١٢٢٠٨٧٣**
**٠٠٩٦٤٧٥٠٢١٣٧١٠٩**

# ژنانی وڵاتی من

ب. هانا

چەند ساڵێکە مانگی خەرمانان، جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی لە خەباتی ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، داگیر کردووە. دیارە بە هۆی درێژخایەنبوونی خەباتی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان بۆ ڕزگاری لە بندەستی، هیچ مانگێک و تەنانەت هیچ ڕۆژێکی ساڵ نییە کە بیرخەرەوەی تاوانێک یان چەند تاوانی دەسەڵاتدارانی ئێران دژی نەتەوەکەمان و قوربانیدانی چەندین کەس لە خەڵکی کوردستان نەبێت. بەڵام ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧(٨ی سێپتەمبری ٢٠١٨) و ڕووداوەکانی ئەو ساڵە و ساڵەکانی دواتر، وایان کرد ئەو مانگە لە ڕۆژژمێری سیاسی و خەباتگێرانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێگەیەکی دیاری هەبێت

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ یەکەم جار لە مێژووی شەڕی خۆی لەگەڵ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرنگترین دوو چەکی خۆی کە بریتین لە هاژەکە بالستیکەکان و درۆنەکانی، بە خەیاڵی خۆی بۆ قەڵاچۆی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات بەکار هێنا و پلینۆمی ئەو حیزبەی لە "قەڵای دیموکرات" لە نزیک شاری کۆیە کردە ئامانج. بە هۆی هاژەکبارانی قەڵای دیموکرات و فێرگەی حیزب، سەرجەم ١٦ تێکۆشەری لێهاتووی کوردستان شەهید بوون کە ٦کەس لەوان ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات بوون. هەر دوو سکرتێری پێشوو و ئەو کاتی یەکێتیی ژنانی دێموکرات، نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری لە ڕیزی شەهیدەکانی ئەو تاوانە گەورەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بوون. هەر ئەو ڕۆژە سێ بەندیی سیاسیی کورد و ڕۆژێک دواتر بەندییەکی سیاسیی دیکەی کورد، لە لایەن ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێرانەوە لەدار دران ٥ ڕۆژ دوای ئەو دوو تاوانە گەورەیەی



کۆماری ئیسلامیی ئێران، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بانگەوازی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆیان و بۆ مەحکووم کردنی ئەو تاوانانە، مانگرتنێکی گشتیی کەم وێنەیان لە ئاستی سەرانسەریدا بەڕێوە برد و بەم جۆرە ڕۆژی ٢١ی خەرمانانیان کردە لاپەڕەیەکی شکۆمەندی دیکە لە هاوپێوەندیی خەڵک و هێزە سیاسییە خەباتکارەکانی خۆیاندا. بۆ جارێکی دیکە بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تاران، ئەم پەیامەیان بە گوێدا درایەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروا چقڵی چاویانە و سەریان بۆ دانانوێنێ. ژنانی ڕۆژهەڵات لەم مانگرتنە گشتییەدا، دەورێکی بەرچاویان هەبوو. گرتە ڤیدیۆی دایکێک لە شەقامێکی شاری سنە کە بەربینگی بە پیاوێکی دوکاندار گرتبوو و پێی دەکوت: "بۆچە مەگەر تۆ جاشی، ئیمرۆ دوکانەکەت دانەخستگە؟"

لە بیرەوەرییەکاندا هەر دەمێنێتەوە هەر لە مانگی خەرماناندا (ئێوارەی سێشەمە ٢٢ی خەرمانانی١٤٠١) ژینا ئەمینی، تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی سەقز کە لەگەڵ براکەی بە سەفەر چووبوونە تاران، لەلایەن گەشتی بەناو ئێرشاد، بە بیانووی نالەباربوونی قژ و جلوبەرگی، گیرا و کەوتە بەرلێدان؛ بە هۆی ئەو لێدانە سەرئەنجام ڕۆژی هەینی، ٢٥ی خەرمانان گیانی لە دەست دەدا. بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم تاوانە بووە هۆی تووڕەیی خەڵکی کوردستان. ئەو تووڕەییە لە ڕۆژی هەینی ٢٦ی خەرمانان و لە کاتی بەخاکسپاردنی ژینادا، خۆپێشاندانێکی جەماوەریی بێوێنەی لێکەوتەوە. نارەزایەتیدەربڕینی خەڵک ئەمجارە لە شێوەی ڕاپەڕینێکی جەماوەریدا خۆی دەرخست و یەک بە یەکی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە



شایەدی تەنینەوەی خۆپێشاندان لە کوردستانەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران بوو، بە ئاگاداری لە خۆشەویستی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕاپەڕینە، جارێکی دیکە دەستی کردەوە بە درۆن ناردن و هاژەکبارانی بنکە و کەمپەکانی ئەوان لە قووڵایی هەرێمی کوردستاندا. ئەمجارەش چەندین ژن و پیاوی تێکۆشەر و ئازادیخواز، شەهید و بریندار بوون؛ هاجەر زەرگە و ڕێحانە(شیما کەنعانی) کە دووگیان بوو، لە ڕیزی ئەو شەهیدانەدابوون. سوپای پاسداران، شانبەشانی دڕندەیی لە دژی خەڵکی ڕاپەڕیو لە نێوخۆ، لە دەرەوەی سنوورەکانیشی تاوانی بۆردوومانی بنکە و کەمپەکانی حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی، هەر لە پاییزی ١٤٠١دا چەند جاری دیکەش دووپات کردەوە، بەڵام ئەو تاوانانە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لە درێژەی ڕاپەڕینەکەیان نەک هەر سارد نەکردەوە، بەڵکوو شێلگیرتری کردن.

ڕاپەڕینێک کە بە مەرگی ژینا ئەمینی و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستی پێکرد و چەندین پارێزگا و دەیان شاری ئێرانی گرتەوە، ژنانی هێنایە ڕیزی هەرە پێشەوەی قوربانیدان. ژنان و کچان لە کوردستان و ئێران، ئەو پەڕی بوێری و فیداکارییان نواند. ژمارەی ئەو خاتوونانەی لەسەر شەقام، لە حەوش و حەساری زانکۆکان و لەنێو کۆڵانەکان لە کاتی خۆپێشاندان و ڕێپێوانـدا خوێنیان ڕژا و چاویان لەدەستدا، یان لە گرتووخانە و لەژێر ئەشکەنجەدا، گیانیان لێ ئەستێندرا، سەلماندی کە ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی هەر وا کە لە دروشمەکان و ئامانجەکانیدا، مۆرکی ژنانی پێوەیە، لە قوربانیدان بۆ ئەم ئامانجانەش، پشکێکی گەورەی بەر ژنان و کچانی وشیار و ئازا کەوتووە. جوانترین دەربڕین بۆ وێناکردنی ئەو بەشدارییە بەرین و بوێرانەیەی ژنان، ئەو وتەیەی باوکی شەهید محەممەد حەسەنزادە لە کاتی بەخاکسپاردنی کوڕەکەیدا بوو: " ئێستا ئەوەی دەیەوێت زۆر پیاوبێت، دەبێت زۆر ژن بێت"

یەکێکی دیکە لە شانازییەکانی ژنان لەو ڕاپەڕینەدا، بە تایبەتی ئەو دایکانەی کچان و کوڕانیان لەم ڕاپەڕینەدا شەهید بوون، زیندووڕاگرتنی یادی شەهیدەکان و شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای دەستی ئەوانە؛ ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە بە بۆنەی ئەم وەفاداری و پێداگرییەیان لەسەر ڕێبازی شەهیدەکان، بەردەوام لەگەڵ هەڕەشە و گرتن و ئەزیەت و ئازاری جۆراوجۆری دام و دەزگا سەرکوتکەرەکان بەرەوڕوون. هەر لەم مانگی خەرمانانەدا و بە بۆنەی دووهەمین ساڵڕۆژی مەرگی ژینا و دەستپێکردنی ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی"، جارێکی دیکە ئەم خۆڕاگری و بەچۆکدانەهاتنەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی نواندەوە، چ بە شێلگیربوونیان لەسەر بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدەکان و گیران و چوونە بەندیخانە لەم پێوەندییەدا، چ بە بەشداریی بەرینیان لە مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانانی ئەم ساڵدا. هەمووی ئەمانە یەک ڕاستیی نیشان دەدەن: ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاری یەکجاریی خۆیان داوە، ئەوان ڕزگاریی نەتەوەکەیان و ئازادی و یەکسانییان دەوێ و ئامادەن نرخی گرانی گەیشتن بەو ئامانجە بەرزانەش بدەن

# دووهەمین ساڵوەگەڕی بزوتنەوەیەدا ژن ژیان ئازادی و بەشداری ژن لەم بزوتنەوەیەد

دیمانە:
شاماران

**بە بۆنەی دووهەمین ساڵوەگەری قەتڵی حکومەتی ژینا ئەمینی و دووهەمین ساڵوەگەری بزۆتنەوەی ژن ژیان ئازادی دەمانەوێ لە زاری ژنێک کە بۆخۆی لە شەقامەکانی کوردستان بەشداری خۆپێشاندانەکان کردووە، بپرسین کە خۆی چۆن بووە کە بڕیاری داوە بێتە سەر شەقام و نەرەزایەتی لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی ئێران دەرببڕێ و هەروەها بەشداری ژنان بە گشتی لەم بزۆتنەوەیەدا چۆن هڵدەسەنگێنێ، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو سەرگوڵ ئیبراهیم نەژاد پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەک لە بەشداربووانی بزۆتنەوەی ژینا دەبێ.**



١- وەک دەزانین بەرەو دوهەمین ساڵوەگەری قەتڵی حکومەتی «ژینا ئەمینی» دەچین کە بزۆتنەوەیەکی گشتگیر لە تەواو کوردستان و ئێران بەدوای خۆی دا هێنا کە بە شۆرشی «ژن ژیان ئازادی» لە تەواو جیهان دەنگدانەوەی هەبوو، پێم خۆشە لە پێشدا کە جنابت یەک لە خۆپێشاندەران بۆیت و لە شەقامەکانی کوردستان نارەزایەتیت دربڕیوە بۆم باسێکی گشتی ئەم بزۆتنەوەیە بکەیت؟

ئەم بزووتنەوەیە کە یەکەم جار لەبەر کۆشتنی کچێکی کورد بە ناحەق و تەنیا لەبەر ئەوەی حیجابەکەی بەدڵی کۆماری ئیسلامی نەبووە و لەبەر ئەو هەموو زۆڵم و ستەمە کە لەو خەڵکە دەکرێ و کراوە لەلایەن خەڵکەوە دەستی پێکرد کە دەرئەنجام تەقیەوە شۆرش دەستیپێکرد، خەڵکی کوردستان و ئێران هەمیشە بە درێژایی مێژوو چاورێی دەرفەتیان دەکرد تا دژی ئەم ڕێژیمە بێنە سەرشەقام و هەوڵ بۆ بڕۆخاندنی بدەن و لە داهاتوش دا ئەگەر دیسان دەرفەتێک بێتەپێش دیسان خەڵک ئامادەیە واتە خەڵک لە ئامادە باشیدایە. شۆرشی ژینا لە ژنانەوە بۆ بە شۆرشێکی نەتەوایەتیش لەبەر ئەوەی مافی ژنان و مافی نەتەوەکان وەک بڵێی پێکەوە گرێدراون و زۆرترین زۆڵمیان لێ دەکرێ. خەڵک شۆرشی ژینایان قۆستەوە بۆ تەواوی ماف و داواکاریەکانیان. ئەم بزووتنەوەیە توانی چەند قات نەتەوەی ئێران بەرەو سەرتر ببات و دەنگی ئەم بزووتنەوەیە و هاتنە سەرشەقامەکانی خەڵک وای کرد دەنگیان بە تەواوی جیهان بگا و دەنگدانەوەیەکی لە تەواوی جیهاندا هەبێت بەتایبەت بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تریش وەک بەلووچەکان کە وانیش وەک کورد، نەتەوەیەکی مافخوراو و بەشخوراون، زوڵملێکراون. ڕۆژ نییە لێیان نەکوژرێ، ڕۆژ نییە لێیان لەسێدارە نەدرێ هەڵبەت دیارە زیاترین خەسار لەو شۆڕشەدا لە کورد و بەلووچ کەوت بەڵام نەتەوکانی دیکەی وەک ئازەری و فارسیش بەشداری بزووتنەوەکەیان کرد، ئەوانیش هاتنە سەر شەقام و بە دژی دەوڵەت درووشمیان دا بەڵام ئەوەی کە پۆلیس لە کوردستان بە زەربی تاپڕ و کەڵەشینکۆف ڕووبەڕووی خەڵک دەبووە و چکی قورسی دەبردە شارە کورددییەکان و لە تاران و شارە فارسەکان بە ئاوپاش و باتۆم دەیترساندن دەریدەخست کە چەندە قین لە دڵن بە نیسبەت کورد و خەڵکی کوردستان. هەڵبەت بزووتنەوەی ژینا وای کرد کە ئەو دەوڵەتە باشتر بە خەڵک بناسێ و حیسابی خۆی بێتە دەستی و تەنانەت دەوڵەتە زلهێزەکان خۆیان لە بارابەری ئەو ڕوداوانەی کە لە ئێران و بە تایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات گێل کرد دەنا جوان بۆیان مەعلووم بوو کە کۆماری ئیسلامی چ دڕندەیەکە و چ جووره سیستمێکی هەیە و چ جۆرە دەوڵەتێک بەڕێوە دەبات، وە خەڵکەکەی چەندە لێی وەزاڵە هاتوون ئێمە دیتمان لەو بزووتنەوەیەدا بە دۆشکا لە شاری جوانڕۆ بەرانبەر بە خۆپیشاندەران تەقەیان دەکرد، کە ناخۆشترین شت بوو. ئێمە ئەو کاتەی لەسەر شەقام بووین

٢- چۆن بۆ کە بەخۆت بریارت دا بێتە سەر شەقام و نارازایەتی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران دەرببڕی؟

من خۆم ماوەی چەند ڕۆژێکی بە

سەردا تێپەڕی جا هاتمە سەرشەقام ئەوەش لە یەکەمدا بە هۆی هەستی نەتەوایەتی بوو و دواتریش کە دیتمان کچێک بەبێ گوناح کوژراوە هەموو جەماعەتەکە لە ڕاستیدا یەکەم جار باسی وەیان دەکرد کە چۆن ژینا کچەکوردێک بێ گوناح کوژراوە و هۆکارەکەشی کورد بوونی بوو بۆیە وا ئەو زوڵمەی لێ کراوە ئێمەش کە دیتمان ژینا بەو شێوەیە کوژرا و دوایەش بانگەشەی حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات، لەو کاتەدا بانگەشیەکی زۆر بۆ ئەو ئەوە دەکرا کە خەبات درێژە بدرێ

لە خۆپیشاندانەکاندا چەند دیمەنێکم بینی، یەکێک لەو ئەو دیمەنانە ئەوە بوو کە کچێک لە بەرچاوی خۆم گیرا ئەو کات لە خۆپیشاندانەکاندا نەبووم بەڵام لەنێو شار بووم قوتابیانی مەدرەسە کە دەهاتنەوە لە خزمەکانمان لە ئاشنایەکانمان چەندێکیان بریندار بووبوون، چەندێکیان گیرابوون و چەند شتێکم بۆ باس کرا کە بینیم گوتم دەبێ بە هاوار و بانگی یەکەوە بچین و هەمووان یەکدەست بین، بیە چوومە سەر شەقام یەکێک لەوانە بوو کە باسیان کرد لە زمانی چەند شایەتحاڵێکەوە کە جێگای باوەڕ و متمانە بوون کە کوتی چەند خانمێک بریندار بوون بەڵام بەداخەوە نەمانتوانیوە بیبەینە نەخۆشخانە برینەکانیان زۆر توند بووە و هەر لە ماڵێن و بە خاتری ئەوەی کە گیانیان برینداره هەر جلی ڕەشیشیان لەبەردایە تا برینەکانیان بشارنەوە و کاتی خوێن بەربوون و کولانەوەی برینەکانیان جلەکانیان سوور نەبێ. بەو هۆکارانە هاتمە سەر شەقام و بڕیارم دا لەگەڵ جەماعەت لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بم

٣- وەک دەزانین ژنان پێشەنگی ئەم بزۆتنەوەی بوون هەر بۆیە دەمەوێ لە زاری جنابت کە بەخۆشت ژنی و بەشداری ئەم بزۆتنەوەیە بۆیت، بەشداری ژنان بەگشتی لەم بزۆتنەوەیەدا چۆن هەڵدەسنگێنی؟

بەشداریی ژنان وەکوو هیمایەکی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بوو و دیفاع لە مافی خۆیان مافەکانی خۆیان کە چووکەترین مافە، لێی بێبەشن و کە ئەوان ئەوەیان کرد و بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە کە دەوڵەتێکی داگیرکەرەوە چەندین ساڵە پێشێلی دەکا و بەزۆری هەم مافی نەتەوایەتی و هەم مافی ئینسانی بێبەش کردووە لە چووکەترین مافەکانی خۆیان بێبەشن و یەکێکیش لەوانەوە بوو کە ژنان وایان خۆیان نیشان دا دەتوانن بۆ مافی خۆیان بجەنگن بەبێ هیچ پاڵپشتێک ئەوان تەنیا بە یەکبوون و یەکگرتوویی و یەکدەنگی بەڕاستی یەکبوون و یەکدەنگی و یەکگرتوویی ئەوان، ئەوەی سەلماند کە دەتوانن بۆ مافی خۆیان بجەنگن و پێویست ناکا مەسەلەن وەک هەر جارێک پیاوان ئەوان هان بدن کە بۆ مافی خۆیان بجەنگن و یان کەسێکی لەپشت بێ یان کەسێکی پاڵپشتیان بکا ئەوان بۆخۆیان هاتنە سەر شەقام و بەبێ پاڵپشتیی هیچ کەسێک و تەنانەت ڕێبەرایەتی ئەو بزووتنەوەیەشیان دەکرد. نموونەکەی دایکی شەهید پەیمان مینبەری لە سنە کە گوتی «من سەرەخۆشیم ناوێ درێژە بە شۆڕش بدەن» و دایکی شەهید میلاد لە بۆکان کە گوتی «کچی کورد نەبم ئەگەر تۆڵەت نەستێنم میلاد گیان» ئەو ژنانە و دەیان ژنی ئاوا وەک دایکی شەهید کاروان و هاوژینی شەهید شەماڵ و دایکی شەهید سمکۆ و هاوژینی شەهید شۆڕش نیکنام بوونە ڕێبەری ئەو بزووتنەوەیە ئێمە کە ئەوانمان دەبینی کە بەبێ هیچ وانەکیەک بەبێ هیچ پاڵپشتێک دەهاتنە سەر شەقام و بەبێ ئەوەی کە کەس پاڵپشتییان لێ بکا وە لە هەمووی گرینگتر دەرسی باشیان بە کۆماری بەناو ئیسلامی دا و ئەوانی توانییان هەم لە کۆمەڵگادا هەنگاوێکی دیکە بنێن و هەم لە تەواوی جیهانیشدا دەنگدانەوەیەکی زۆری بوو. لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە ئێراندا بەگشتی ژنان توانییان ڕۆڵێکی باش بگێڕن و دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو و توانیان بە سەرکەوتنێکی باش بگەن لە کۆمەڵگەشدا چەند هەنگاو بڕۆنە پێشتر کە بەڕاستی ئەگەر ئەو خۆپیشاندانانە نەبایە بەشداریکردنی خەڵک نەبا نەیاندەتوانی ئەو شۆڕش یان بزووتنەوەیە لەو ماوە کەمەد ئەوەندە بچنە پێشێ.

٤- وەک کۆتا پرسیار دەمهەوێ ئەوە بپرسم کە ئایا جنابت لەم بزۆتنەوەیە بریندار کراویت؟ یا خۆد هیچ هاورێت و کەسی دیکە بووە کە لە پێش چاوی جنابت بریندار بووبێ یان شەهید کراوبێ؟ هەروەها چ جۆرە چەکێک هێزە دڕندەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئێوە خۆپێشاندەران بەکار ئەهێنا؟

من خۆم خۆشبەختانە بریندار نەکراوم بەڵام، هاوڕێم لەلا بریندار بووە کە ئێمە ناتوانم بڵێم خۆشبەختانە یان بەداخەوە هیچ شناختێکمان لەسەر یەکتری نەبوو بۆ بریندارکردن و ئەو شتانە لە شوێنێکیش ئاماژەم پێ کردبوو کە بۆ بریندارکردنەکان هیچ شناسێکمان لەسەر یەک نەبوو بەڵام شتێک کە من لێرەدا لەبیرم چوو باسی بکەم ئەویش ئەوە بوو کە ئێمە ئەو کاتەی لەو خۆپیشاندانانەدا بووین ئەکسەرەن لیباسەکانمان ڕەش بوو لەبەر خاتری برینداربوون ئەو هاوڕێیانەی کە بریندار دەکران بەداخەوە نەیاندەتوانی دەنگێ بکەن ئەگەر کەسێک برینداریش بایە نەیدەتوانی هاواریش بکا لەبەر خاتری ئەوەی کە ئاشکرا نەبێ. هیچ لەونێوانەدا متمانەی بە کەس نەبوو چونکە لەنێو خۆپیشاندەران بە داخەوە کەسانی کاربەدەستی ڕێژیم و ئیتلاعاتی تێدا بوو. بەداخەوە ئەوە بۆ ئێمە زۆر کێشەیەکی گەورە بوو کەس ئەوە نەبوو ئیتمینان بە کەس بکا برینداریش بووبایە دەنگێ بکا یان هاوارێک بکا کە بە شێوازێک بزانین کە برینداره. بەتایبەت ئێمە کە لە شەودا زیاتر خۆپیشاندانەکانمان هەبوو بە شەودا هیچمان نەدەبینی و زیاتر لە شوێنە تاریکەکان بووین خوێن یا ئەوە کە بڵێ بزانین هاوڕێیەکەمان برینداره مەگە ئەو هاوڕێیانەی کە شناسمان لەسەری هەبا هەر وەک پێشێش ئاماژەم پێ کرد بەڵێ هاوڕێم بینیوە کە دەسگیر کراوە بەداخەوە. کچێک بوو کە شناسم لەسەری نەبوو وەک بزانم کێیە و ئەوانە بەڵام ئافرەتێک بوو دەسگیر کرا. کاتێک نیرووی گەشتی ئێرشاد هات لە ماشێنی هاویشت پیاوێک هات قۆڵی گرت گوتی «قۆڵم مەگرە خۆم دەڕۆم من بە شانازییەوە هاتوومەتە دەرێ و خۆپیشاندان دەکەم و بە شانازیشەوە خۆم دەچمە نێو ماشێنەکە، پێویست ناکا تۆ قۆڵم بگری» بە شێوەیەک پیاوەکەی ڕاپسکاند و دەستی بەر دا خۆی چوو نێو ماشێنەکە ئەوە یانی یەکەم خۆمیشاندانەکان بوو کە لەنێو شاری بۆکان بوو ڕووی دا. بەداخەوە لەکن پۆستبانکی کشاوەرزی لە خیابانی وەحدەت بوو ئەلەوێ ئەو خاتوونە دەزگیر کرا و هەروەها هاوڕێیەکی دیکەمان بریندار کرابوو کە چل ڕۆژ لە تەزاوەڕات بوو٧٠ یان٨٠ ساچمەی لە دەستیدا بوو دەستی زۆر زۆر بریندار بوو کە خۆی نەیدەتوانی بچێتە دوکتور بەس بە پەڕۆیەکی ڕەشیش بەستبووی بۆوەی کە دیار نەبێت زۆر بە شێوازێک کە ئەو هاوڕێیە بەداخەوە ئێمەش نەماندەتوانی بیبەینە نەخۆشخانە بۆخۆشم چەند ساچمەیەکم بە مووکێش بۆ دەرهێناوەتەوە.

درێژەی دیمانە لاپەڕەی ٧

# زمان ئامرازێک بۆ پێوەندی یان هێمایەک بۆ بوون؟



ن: جەماڵ فەتحی (کۆچەر)



زۆر جار بەبێ خوێندنەوەیەکی زانستیانە زمان تەنیا بە ئامرازێک بۆ پێوەندیگرتن دەناسرێت، ئەم پێناسەیە، پێناسەیەکی کلاسیکە و تەنیا ئاماژە بە بابەتێک دەکات کە دەکرێت وەکوو ئەرکێکی زمان لە قەڵەم بدرێت هەتا پێناسە. راستە زمان زادەی کۆمەڵگایە و لە پرۆسەی پێوەندیگرتنی تاکەکانی کۆمەڵگایە کە گەشە دەکات، بەڵام ئەوەی کە زمان تەنیا لەم بازنەیەدا پێناسە بکرێت کارێکی نازانستیانە و دوور لە سروشت و پێکهاتەی زمانە، چونکە زمان تا ئەو رادەیە ئاڵۆز و پێچلاوپێچە کە "دانسی" دەڵێت: "پێناسەکردنی زمان کارێکی نەلواو و نەکراوەیە". کە دەگوترێت زمان ئاڵۆزە بەو واتایەیە کە زمان بە چەندین شێوە دەتوانێت خۆی بنوێنێت کە رواڵەتیترین دەرکەوتنی زمان هەمان دروستکردنی پێوەندی نێوان مرۆڤەکانە. ئەگەرچی ئەم شێوە لە دەرکەوتنی زمان بەشێکە لە پرۆسەی گەشەکردنی هەم زمان و هەم کۆمەڵگا، بەڵام قەتیسکردنی لەم بازنەیەدا واتە بێبەشکردنی لە رەسەنایەتی و ئەرکی سەرەکیی ئەم دەزگا ئاڵۆز و گرنگە کە پێناسەی فرەرەهەند لە خۆ دەگرێت. بە باوەڕی "فێردیناند سووسوور"زمان بەبێ دوودڵی دەبێت پێوەندیی نێوان هێماکان و واتاکان بێت (دال و مدلول) بێت"، ئەمە واتە هەر زمانێک خاوەن کۆمەڵێک هێما و نیشانەیە کە دەرخەری واتاگەلێکن کە بەتێکرا سیستەم و پێکهاتەی زمان پێک دێنن. سووسوور، زمان بەسەر دوو بەشی لانگ (زمان) و پارۆل (پەیڤ) دابەش دەکات و مەبەستی لە لانگ بەشی ئابستراک و دەرهەستە و بەشی دەربڕین و پارۆل بەشی هەستپێکراو و بینراوە. ئەم پێناسانەی کە بۆ وێنە لەسەر زمان ئاماژەیان پێ کرا بۆ ئەوەیە کە زمان جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەتوانێت لەسەر گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و رەوتە جیاوازەکاندا شوێندار بێت و سیستەمێکی بەهامەندە کە لە رێگای وشەکانەوە ئەگەرچی سنووردداریش بێت بیاڤی واتاکان دەناسێنێت و لە کۆتاییدا ئەم واتایانە رایەڵەیەکی پێوەندی و توانستی وەرگرتن لە رێرەوی گەشەکردن و گۆڕاندا دێنێتە ئاراوە (باباشێخ حوسێنی ١٣٨٠، ٤٣).

ئەگەر زمان تەنیا وەکوو رێگایەک بۆ پێوەندی چاو لێ بکرێت، بەو کارە هێندێ بابەتی دیکە لە زمانی وەردەگیردرێت کە لە قورساییەکەی کەم دەکاتەوە، چونکە راستە مرۆڤەکان لە رێگای زمانەوە پێکەوە دەژین، شاد دەبنەوە، خەم دەخۆن و مامەڵە و دانوستانەکانیان رێک دەخەن، بەڵام گیانلەبەرانی دیکە کە مرۆڤ بە بەستەزمان یان بێزمانیان دەزانێت، ئەوانیش بە شێوازی تایبەت بە خۆیان پێوەندی ساز دەکەن؛ کەواتە کاتێک دەچینە سەر پێناسەی زمان، نابێت تەنیا وەکوو ئامرازێک بۆ پێوەندی سەیر بکرێت و زمان لە بیر و هزر دابماڵدرێت. زمان تەنیا بۆ پێوەندی نییە و لە پشت هەر کام لە وشە و چەمکەکان کە پێوەندی دروست دەکەن واتایەک بوونی هەیە. ئەوەی کە لە پشت زمانەوە هزر و بیرکردنەوە هەیە دەمانباتەوە سەر ئەوەی کە بە هۆی زمانەوە ئەگەر بیر و هزر نەبێت مرۆڤ لە بەراورد لەگەڵ ژینجیهانی گیالەبەرانی دیکە گەشە و پێشکەوتنی بە خۆیەوە نەدەدیت. پێوەندی لە ژینجیهانی مرۆڤ کۆڵەکەیەکی سەرەکییە و بەبێ ئەم بابەتە مرۆڤ دەرەقەتی هەموو بوارەکانی ژیان نایەت، ئەوە پێوەندییە کە یارمەتیی مرۆڤ دەدات لە چارەسەرکردنی کێشەکانی. "رابێرت ئیندرسێن هال" دەڵێت: زمان لە بۆشاییدا بوونی نییە، بەڵکوو لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بە مەبەستی پێکهێنانی پێوەندیگرتن بەکار دەهێنرێت، بۆیە خاوەن واتایە. کەواتە "واتا" کە بەرهەمی ئەندێشە و بیرکردنەوەیە بەشی سەرەکیی هەر زمانێکە و ئەگەر بیرکردنەوە نەبێت واتا نییە و ئەگەر واتاش نەبێت پێوەندیگرتنێک پێک نایە.

### زمان هێمایەک بۆ بوون

زمان کە خاوەن پێکهاتە و کۆمەڵێک یاسا و رێسای یان هەمان رێزمانە، لە دوو بەشی فۆرم و نێوەرۆکدا خۆ دەنوێنێ، کە هەردوو بەشەکە تەواوکەری یەکن و لە راستای بێچمگرتنی واتایەکدان کە هەموو جۆمگەکانی ژیان لەوانە: سیاسەت، مۆسیقا، ئەدەبیات، پرسە کۆمەڵایەتییەکان و .... لە خۆ دەگرێت. بەبێ واتا هیچ کام لەم بوارانەدا گەشە ناکەن و ناتوانن بوونیان هەبێت. "واتا" جەوهەری هەموو بوارێکی ژیانە، دەکرێت بڵێین ژیان واتایە و واتا ژیانە. گرنگیی واتا لە هەر زمانێکدا زیاتر لە راپەڕاندنی کاروباری رۆژانە خۆ دەردەخات و ئەو کاتەی کە بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەک یان دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەک مرۆڤەکان پێوەندی دروست دەکەن، واتایە کە دەوری سەرەکی دەگێڕێت بۆیە ئەگەر واتاکان لە جێی خۆیاندا بەکار نەهێنرێن نە پێداویستییەک دابین دەکرێت و نە بەرژەوەندییەک دەستەبەر دەبێت. هەر ئەوەندەی کە دەزانین فۆرم و رواڵەتی زمان لە خزمەت واتای زمانە و واتا لە

پێناو دەستەبەرکردنی مانەوەی مرۆڤە، بەوە دەگەین کە زمان هێمایەکە بۆ مانەوە و بوونی هەر مرۆڤێک. ئەگەرچی مرۆڤ لە ژیاندا تەوەرە، بەڵام کاتێک مرۆڤ واتا دەبەخشێ و واتا وەردەگرێت کە لەگەڵ مرۆڤەکانی تر و ژینگەی خۆیدا بەرجەستە دەبێتەوە، چونکە مرۆڤ بەتەنیا ناتوانێت ڕۆڵەکانی خۆی بەباشی و دروستی بگێڕێت و بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ژیانی دابین بکرێت، دەبێت لەگەڵ کۆمەڵ بژیت و ئەو کاتەیە کە دەور و ڕۆڵی زمان بەرجەستەتر دەبێتەوە.

زمانی هاوبەشی هەر کۆمەڵ و نەتەوەیەک ئاماژەیە بە بارودۆخی ژیانیان. وشەکان، ئیدیۆمەکان و چەمکە سروشتی و تەنانەت زانستییەکانیش هەڵگری ئەو بەستێنەن کە مرۆڤەکان تێدادەژی، بۆ نموونە ئەگەر سەیرێکی ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی بکەین، دوو دنیا و جیهانبینیی جیاوازیان تێدا بەدی دەکرێت؛ بۆ وێنە لە شێعر و چیرۆکێکی کوردیدا وشەی شاخ، کانی، دارستان و بەفر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، چونکە لە کوردستاندا ئەم مەدلوولانە بەشێک لە ژیانی کوردن، کەچی لە ئەدەبیاتی عەرەبدا ئەگەریش ئاماژە بەم وشانە کرابێت ئاماژەکە نامۆ و غەریبە. کەواتە زمانی هەر نەتەوەیەک جیهانبینی، ژینجیهان، بوون و بیانوویەک بۆ مانەوەیانە. ئەم خاڵە گرنگە ئەوە دەسەلمێنێ کە زمان جەوهەری ژیان و هەناسەی هەر نەتەوەیەکە، هەر بۆیە کاتێک چاوی تەماح بۆ داگیرکردنی خاک و وڵاتێک تیژ دەکرێت لە پەنای پەلامارە چەکدارییەکاندا پەلاماری زمانیشیان دەدرێت؛ چونکە بە سڕینەوەی و توانەوەی زمان، نەتەوەی تەماحلێکراو لە هەموو واتایەکی ژیان دادەماڵدرێت

### ئەرکی ژنان و دایکان بۆ پاراستنی زمان

ڕاستە کۆمەڵگاکان لە دوو ڕەگەزی ژن و پیاو پێک هاتوون، بەڵام لە پرۆسەی گەشەکردنی بوارە جیاجیاکاندا هەر کام لەم ڕەگەزانە دەوری تایبەت بە خۆیان هەیە و لە ئەگەری کەمتەرخەمیی هەر کامەیان لە بوارە جیاوازەکاندایە کە کۆمەڵگاکان بەرەو نسکۆ و داڕمان هەنگاو هەڵدەگرن. یەک لەو ئەرکە گرنگانەی کە ڕووی لە ژنان و دایکانە، ئەرکی پاراستن و پەروەردەکردنی منداڵە بە زمانی خودی خۆی کە زمانی دایکە. ئەگەر نەتەوەیەک خاوەن سەروەری و کیانی سیاسیی خۆی بێت، ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵان بە زمانی دایک لە ئەستۆی دامودەزگا دەوڵەتییەکان و لەوانە کەرتی پەروەردەیە، کە هەر لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێ دەکات هەتا دەگاتە زانکۆوەکان؛ بەڵام نەتەوەیەک کە خاوەن سەروەری و دەسەڵاتی سیاسیی خۆی نەبێت ئەگەر بنەماڵەکان چاوەڕوانی ئەوە بن کە دامودەزگاکانی دەوڵەتی داگیرکەر منداڵەکانیان بار بهێنن و پەروەردە بکەن، دەبێت قەت بیر لە ڕزگاری و سەربەستی نەکەنەوە، چونکە ئەوەی کە دەوڵەتی سەردەست منداڵی نەتەوەی بندەست بار دەهێنێت بۆ سوود و بەرژەوەندی خۆیە نەک داهاتووی ئەو نەتەوەیە. کەواتە لەم حاڵەتەدا دەبێت بنەماڵەکانی نەتەوەی داگیرکراو بەر لە خوێندن بە زمانی داگیرکەر و هەروەها لە پەنایدا، منداڵانی خۆیان بە زمانی دایک پەروەردە بکەن، بۆ ئەوەی هەم پیلانی داگیرکردنی مێشکەکان پووچەڵ بکەنەوە و هەم منداڵانیان لە پرۆسەی خوێندندا تووشی سەرلێشێواوی و ئاڵۆزیی دەروونی نەبن. ئەم ئەرکە بە هۆی ئەوەی کە دایکان لە باوکان زیاتر لەگەڵ منداڵاندا کات تێدەپەڕێنن، زیاتریش ڕووی لەوانە و بەم ئەرکەیان داهاتوویەکی پڕ لە سەرەوەری بۆ منداڵانی خۆیان بنیات دەنێن و لێرەیە کە دەتوانن بە پەروەردەکردنی ڕۆڵەی دەرەوەست بە خاک و نەتەوە، شوێنپەنجەی خۆیان لە بەڕێوەبەریی وڵاتێکی سەربەستدا مسۆگەر ببینن.

---

سەرچاوەکان:

محمدی، دکتر عادل، تصورات نادرست پیرامون زبان، سوئد، نشر ٤٩ کتاب، ٢٠٢٣

حسینی، باباشیخ، هامشی بر دانش زبان‌شناسی، سنندج، نشر ژیار، ١٣٨٠

اندرسن هال، رابرت، دکتر محمدرضا باطنی، زبان و زبان‌شناسی، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٥٠

## درێژەی دیمانە

هاوڕێکانی دیکە بوو کە ناتوانم ناوەکەی بێنم ، ئەو هاوڕێیەش کە بریندار بوو لە خۆپێشاندانەکاندا چەند کەسێکی دیکەش کەسێکی نزیکی خۆشم کە بریندار بووە هاوڕێیەک بوو کە چەند ساچمەیەک بەداخەوە کە بریندار بوو هەر هاواریشی نەکربوو کە بڵێ وێمکەوتۆ زۆربەی کەسەکان کە وێیان دەکەوت نەیاندەتوانی یەکەم شەو بوو کە کەس نەیدەبینی، دووهەم کە بە خاتری ئەوەی کە نەماندەتوانی کەس لە کەس موتمەئین نەبوو بەخاتری ئەوەی زۆربەی هاوڕێیانیش کە بریندار دەبوون نەماندەزانی کەسێکی خۆشم کە بریندار بوو، ساچمەکانم بۆم دەرهێناوەتەوە هەروەها زیاتر فیشەکمان دەدیت، تەنانەت فیشەکی کەڵاشمان دەدیت، بەڵام وەک هاوڕێیان هیچیان نەدیوە بە فیشەک بریندار بوون، بەڵام بە ساچمەی تاپڕ بریندار نەبوون، زۆریش. بەداخەوە سەر، چاو، پشت، زگ، لە هیچکۆ درێغیان نەدەکرد، کە ئەوانەمان بینی هاوڕێم هەیە کە چاوی بریندار بووە، بەڵام لەکن کەس دەنگ نەکراوە، بەخاتری وەی کە ئاشکرا نەبن، کەس پێیان نەزانێت، بەڵام خۆشبەختانە هاوڕێم نەبووە لەکن من شەهید بێ، چونکە ئەگەر هاوڕێیان برینداریش بووبن لەو کاتەدا برینەکەیان وا نەبووە کە جێی خەتر بێ، یان ماوەی خوێنڕێژی زۆر بێ خۆشبەختانە هاوڕێم لەکن من شەهید نەبووبێ هاوڕێیەکی جێگای متمانە کە بەداخەوە ئەڵان لە ژیاندا نەماوە، لە سەرەتای شۆڕشی ژینادا دەستی پێ کردبوو، ماوەی سی ڕۆژ، ٢٧ ، ٢٨ ڕۆژێک دەبوو شۆڕش دەستی پێ کردبوو بەداخەوە سێ هاوڕێ لە شاری سەقز شەهید کران، کە شەو بوو لێیان درابوو کە شەهید کران تەرمەکانیان کەوتبووە دەستی، کۆماری ئیسلامی، بەداخەوە ئەمە نازانین ئەو کاتەی کە لێیان دابوو یەکسەر شەهید کرابوون بەو شەوە بنەماڵەی هەر سێ شەهیدیان بانگ کردبوو، پێشنیاری پووڵیان پێ کردبوون، لە ئیتلاعات، کە نابێ لەکن کەس دەنگێ بکەن کە ڕۆڵەکانیان شەهیدکراون و کوژراون و ئەوان قەبووڵیان نەکردبوو کاتێک دایکی یەکێک لە کوڕەکان زۆری داوای بینینی تەرمی کوڕەکەی کردبوو، ئیجازەیان نەدابوو و هەتا سێی بەرەبەیان لەوێ قسەیان بۆ کردبوون، ئەوانیش داوای تەرمی منداڵەکانیان کردبۆوە، بەداخەوە نەیاندابوونەوە بەو حاڵەش بەزەییان پێیاندا نەهات و هەر بەو شەوە بە جەروسەقیل لەولای شاری سەقز لەژێر خاکیان نابوون لەلایان هاوڕێی متمانە پێکراوەوە کە خۆی ئەو شتەی بینیبوو

و ئەو کات لە پادگانی سەقز سەرباز بوو گوتی ئەو کاتەی کە ئەو شتە ڕووی دا، نیگەهبانەکان و سەربازەکانیان هەموو لابردبوو، نیگەهبانەکان لە ئی خۆیان بوون بە شێوەیەکی ڕێکەوت بەسەریاندا چووبوو کە ئەو شتەی بینیبوو دوایە هەموو ئەو شتانە دیکەیکە گوێی لێ بوو، دەنا نیگەهبانەکانیان لەخۆیان بوون بەداخەوە هەر بۆی سەبارەت بە ناسنامەی ئەو کەسانە هیچ نازانم

سپاس

# بۆ خەبات چ زۆرە ڕێگا



شەهلا کاوە

هەمووومان ئەزانین کوردستان داگیرکراوە و دوژمن بەبێ ڕەزامەندی خەڵکی کورد لەسەری حوکم ئەکات، بەڵام نازانم هۆکار چییە کە زۆربەمان تەنانەت بە خەباتکاریشەوە لە پەل و پۆی ئەو داگیرکارییە کە هەموو جمگەکانی ئێمەی تەندۆتەوە بێ ئاگاین یان ئاگادارین و دەرەقەتی بەرەنگاری نایەین خاکی داگیرکراو هەر ڕۆژێ دێ ئازاد بکرێ بەڵام کۆمەڵگای ئاسمیلەکراو زۆر ئەستەم بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی خۆی بۆیە پێش لە ئازادکردنی خاک هەوڵی چڕ و بێوچان لە هەمە جۆرە کوردبوونمان پێویستە داگیرکردن تەنیا خۆی لە خاکدا نابینێتەوە ئێمە گۆرانیمان، زمانمان، کەلتوورمان و....هەموو هەوڵی سووک کردن و لە قەراخ هاویشتنی دراوە کەم نین ئەو لاوە کوردانەی ڕۆژانە

**چ پێویست ئەکات بیرەوەرییەکی خۆت، نامەیەک بۆ دایکت، دەربڕینی سۆزێک بۆ خۆشەویستەکەت یان ئەوینی قووڵی منداڵەکەت و هەزاران گوزارشتی دیکەی ژیان ڕوو لە بەردەنگە کوردەکانت بە فارسی یان زمانێکی دیکە جیا لە کوردی بنووسی؟**

گۆرانی فارسی و عەرەبی و ...گوێ ئەگرن ڕۆتینی ڕۆژانەی زۆر کورد ئەبینم لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کە فارسی یان زمانی داگیرکەرن چ پێویست ئەکات بیرەوەرییەکی خۆت، نامەیەک بۆ دایکت، دەربڕینی سۆزێک بۆ خۆشەویستەکەت یان ئەوینی قووڵی منداڵەکەت و هەزاران گوزارشتی دیکەی ژیان ڕوو لە بەردەنگە کوردەکانت بە فارسی یان زمانێکی دیکە جیا لە کوردی بنووسی؟ دڵنیام پێویستە زمانی بێگانە و داگیرکەریش بزانین و بەسەریدا زاڵ بین تەنانەت پێشی قسەبکەین بەڵام کاتێک پەیام و نووسراوەیەکی سیاسیت بۆی هەیە و ئەتەوێ بەهێزەوە بەرپرچی بدەیتەوە ولە دەمی بدەی تایبەت بوونی بیرەوەری منداڵی و چێژ و خۆشەویستی حاشای لێ ناکرێ و هەمووان دیل و ئەسیری ئەو بیرانەین دیارە منداڵیی ئێمەیش لەژێر دەسەڵاتی نەخوازراوی ئەویتردا گیرمان خواردبوو

جلوبەرگی قوتابخانە، زمانی وانە وتنەوە، شیعر و مەتەڵ کە هیچی هین خۆمان نییە و کەلتوور و زمانی ئەویتری لەلامان گەورە و بەنرختر لە هین خۆمان نیشانداوە بەڵام کە گەورە بووین خۆ وشیار بووینەوە بۆچی جێگۆڕکێمان




بە خۆمان و ئەویتری داگیرکەر نەکرد؟ بەدرێژایی مێژووی کورد چەک هەڵگرتن بەدژی داگیرکاری و پێشمەرگایەتی جوانترین و بەنرخترین بەپەرچدانەوەی وەزعی موجودی کورد بووە بەداخەوە بەشێکی کەم لە میللەتی کورد ئەو بەشە بە پشوو درێژی ئەپێون ئەویش گەلێک هۆکاری هەیە کە پێموایە گرینگترینی دژواری ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتییە دەکرێت زۆر ئاسان و بەکەمترین تێچوو کوردستانی و کوردانە بژین،چۆن؟ گۆرانی و مۆسیقا هەستێکی هێمن کەرەوەیە کە تێکەڵاوی ڕۆح و دەروونی هەمووکەس بووە، مرۆڤ کە دڵخۆش ئەبێ بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ وزەی بەتاڵ ئەکاتەوە، کە خەمبار ئەبێ بە گۆرانی و مۆسیقا و زۆر جار کتێب خوێندنەوە و چاو کردن لە دراما کوڵی دڵی دائەمرکێنێ. ئەمانە هەموو ئەکرێ خزمەتیش بێ بە زمان و درامای کوردی ئەشتوانێ فەرامۆش کردنی زمان و کولتووری بەدواوە بێ و بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین

هەندێجار کە لە کوردێک ئەپرسی بۆ ئەوندە زۆر گوێ لە گۆرانی غەیرە کوردی و بەتایبەت زمانی داگیرکەر ئەگری؟ لەوەڵامدا ئەڵێ "مۆسیقا سنووری نییە یان ئەڵێ خۆ ئەمە گۆرانی بێژێکە" بەڵام پێویستە ئەوەبزانین یەکەم : ئەو کارەی ئێمە خزمەتە بە زمان و فەرهەنگی ئەوان دووهەم:نیشانەی بێ بڕواییمانە بەخۆمان و کەم گرتنی زمان و فەرهەنگی خۆمان و لەبیرکردنیان لاوەکان سەلیقەی گوێگرتنیان جیاوازە بەڵام ئەگەر هیچ نەبێ ڕۆژێ جارێک بە منداڵەکانمان بڵێین کە ئێمە نەتەوەیەکین لەژێر هەڕەشەی سڕینەوەدا، هەتا ئێرە هاتووین و نەتواینەوە و دیسانیش داگیرکەرانی کوردستان وازیان نەهێناوە بۆ لەناوبردنمان، بەردەوام ئەو ئەرکە نیشتمانییە بەجێ بێنین، کاریگەری خۆی هەر ئەبێ. دوژمنی کورد ئەوەندە بە فێڵ و تەڵەکە و بێ ڕەحمی لێمان ئەڕوانێ کە هومووشتێکی ئێمە و ئەوان سنووری هەیە بەڵام ئێمە لەبەر خۆ بەکەمزانینمان زۆر جار ئەو سنوورە نابینین فیلمگەلێکت بەناو تەنز کە فشە بە زمان، جلوبەرگ و کەلتووری ئێمەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئەکرێت هەرچەنێکیش تێچووی ببێ داگیرکەر درووستی ئەکات. □

پاراستنی شوناسی کوردستانیبوون نەسەختە و نە تێچووی قورسی هەیە چوونکە ئەکرێ بۆنموونە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ هاوبەشکردنی ڕۆتینی ڕۆژانەمان کوردی پەتی بنووسین و گۆرانی کوردی بۆ هاوڕێ و نزیکانمان دابنێین و بەئاشکراش بەلای سیاسەتدا نەچین (ئەمە بۆ هاوڕێیانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتە) بۆ ئەوەی تووشی کێشە و گیران و شکنجە نەبین کە ئیتر کوردی نووسین بۆمان بڤە بێت کاتێک ئەڵێین لاوەکان و هەستە دڵخۆشکەرەکانیان گۆرانی خێرای ئەوێ، منداڵی ساوا لای لایەو ئارامی ئەوێ بۆ گشت ئەمانە کورد دەوڵەمەندە، تەنیا گەرەکیە دایک وباوک و کەسێکی گەورەی پاڵنەر زانیاری دروست و یارمەتی بڕوا بەخۆبوونی تاکی کورد بدات دایکان بە لایەلایەی گەرمی کوردی ئەتوانن منداڵەکانیان هێور بکەنەوە کە ئەمە هەم ئەبێتە بیرەوەری شیرینی منداڵ بۆ گەورە بوونی و ئەویش دواتر ئەو گۆرانی و لایە ئەکات بۆ منداڵی خۆی ئیتر ئاوایە پرۆسەی پاراستنی شوناس و بەپەرچدانەوەی توندی داگیرکەر کە ئەیهەوێ بمانفەوتێنێ هەمیش بەزمانی خۆت دواویت و ئەو وشە ڕەسەنە کوردییانەی لایەلایەی پێ کراوە پارێزراوە و نوێ بۆتەوە دیاردەیەکی دیکە کە مەترسییە بۆ لەناوچوونی جلوبەرگی کوردی، گۆڕانکاری زۆر و زێدەڕۆیی لە دوورینی ئەو جلەیە لەلایەن هەندێک لاوی ئێستەوە کە بەداخەوە ئاوا بڕوات شێوازی ڕەسەن و ڕاستی جلی کوردی بەتەواوی لە بیر ئەچێتەوە ئازادی جل پۆشین ئەوە نییە کە مرۆڤ جلوبەرگێک کە تەنیا ملکی تاک نییە و هین نەتەوەیەکە بەدڵی خۆی دەسکارییەکی زۆری بکات چوونکە ئەوە ئامانەتە لەدەستی ئێمە و ئەرکمانە وەکوو خۆی بیناسێنین بە نەسڵی دوای خۆمان. ئەو لاوە حەزی لە جلێکە کە تۆزێک زیاتر لە پێ و مل و گەردن یا هەر شوێنێکی دەربخات دەکرێ دەیان نموونە جلی بیانی کە هەیە لەبەری بکات ئیتر چ پێویست پێشکەوتن و لەگەڵ گۆرانی سەردەم بۆ ژینگەپارێزی، وەرزش کردن، بیری ئەرێنی بەنیسبەت ژیان و ڕووداوەکان، چالاک بوون و زانیاری درووست لەسەر ڕووداوەکانی جیهان وسیاسەتی دەوروبەر بە نیسبەت ئێمەی کورد، ئەمانەن پێشچوون نەک بەزمانی بێگانە دوان، جلی بێگانە بە جوان زانین و جلی خۆت شێواندن گۆرانی بێگانە گوێکرتن و گۆرانی خۆت بە دواکەوتووانە بزانی. من سیاسی نیم و کارم بە سیاسەت نییە" ئەو ڕستەیە لە زۆر کەس ئەبیسری بەداخەوە. کە کورد بووی بتەوێ و نەتەوێ سیاسەت کاری لە ژیان و گوزەرانت کردووە و سێبەری ڕەشی دایم بەدواتەوەیە ئەو کۆڵبەرەی کاری بە سیاسەت نییە و لەبەر نەبوونی بژێو و گەمارۆی ئابووری وڵاتەکەی کە بەرهەمی سیاسەتی چەوتی حکوومەتی داسەپاوەکەیە بۆ ئەکوژرێ؟ ئەو کچە کوردەی لە تاران(ژینا ئەمینی) خۆ کاری بە سیاسەت نەبوو بۆ کوژرا؟ ئەوەی ئەڵێ کارم بە سیاسەت نییە یان زانیاری پێویستی لەسەر شوناس و ژینگەی خۆی نییە یان ئەیەوێ دەست بە کلاوەکەی خۆیەوە بگرێ با نەیبات" ئەگینا لەهەر سووچێک خۆی مات بکات سیاسەتی پیسی دوژمنی کورد هەر ڕۆژێ یەخەی ئەگرێ و ماڵوێرانی ئەکات

**پاراستنی شوناسی کوردستانیبوون نەسەختە و نە تێچووی قورسی هەیە چوونکە ئەکرێ بۆنموونە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ هاوبەشکردنی ڕۆتینی ڕۆژانەمان کوردی پەتی بنووسین و گۆرانی کوردی بۆ هاوڕێ و نزیکانمان دابنێین و بەئاشکراش بەلای سیاسەتدا نەچین (ئەمە بۆ هاوڕێیانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتە) بۆ ئەوەی تووشی کێشە و گیران و شکنجە نەبین کە ئیتر کوردی نووسین بۆمان بڤە بێت.**

ئەکات جلە کوردییەکان بشێوێندرێ؟ شوناسی مرۆڤ بایی ئەوەندە بایەخی هەیە کە شانازی پێوە بکەی، بەتایبەت کورد کە نەداگیرکەر بووە نە ژینۆسایدی کردووە و سفاتی باشی یەکجار زۆرن ئەو قسەیە کە دەڵێ "پێی عەیبە بەجلی پارەوە ببینرێ بەڵام بەبیری کۆنی هەزاران ساڵەوە ئەژی و شانازیش ئەکات" بەداخەوە ئەو شتە یەکجار زۆرە کورد بوون و کوردستانی ژیان و بیرکردنەوە ئەگەر قورس بێ مەحاڵ نییە و تەنیا ڕێگای ڕزگاریمان لە ژێر دەستەیی و گەڕانەوەیە بۆ خودی خۆمان

# پێگەی ژن لە سۆفیگەری و عیرفاندا

لە نووسینی: ف.پ- ڕێباز

بشی دووهم



سۆفیگەری لە ئەدیانەکانی ڕۆژهەڵاتدا تەنیا لە ڕێوڕەسم و بۆنە سیمبۆلیکەکاندا ڕەنگدانەوەی ماوە، ئەگینا بەتەواوی چەواشە کراوە و تێکەڵی سیحر و جادوو بووە. ئەگەر بە وردی دابەزینە نێو دابی جادووگەری، دەبینین کە تەنانەت ئەو دابەش ڕەگەزایەتی کراوە و سیحر ژنانە و سیحری پیاوانە لێک جیا کراونەتەوە. جادووی ژنانە لە هندێک ئاکاری وەک فاڵگرتنەوە، دەرمانگەریی سرووشتی، پێشگۆیی، دۆعای ڕەش و ...هتددا خۆی دەبینێتەوە بەڵام سیحری پیاوانە لە هندێک ئاکاری گەورەتر، توندوتیژخوازتر و ئەهریمەنیدا خۆی دەرخستووە. مورتازەکانی هیندستان نموونەی زیندوو و بەرچاوی پرۆسەی جادووگەرین. لە کوردستان کولییەکان (قەرەچییەکان) نموونە و یادگاری ئەو سەردەمەن کە بە پێی بۆچوونە مێژووییەکان ئەوان لە بنەڕەتدا لە ناوچەکانی هیندستان و میسر دەرکراون و پەریوەی وڵاتانی جیهان بوون و تەنانەت ئێستاش دابی فاڵگرتنەوە،پێشگۆیی و ... لە نێودا ماوە

لە سەردەمی ئێستەدا بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تیکنۆلۆژییەوە و هەروەها سەرهەڵدانی بیرۆکە فمینیستییەکان، ئاڵوگۆڕ لە ئەدیان و تەریقەتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا پێکهاتووە و ئەو ڕچە و ڕێبازە دینییانە بە خەستیی ڕابردوو دەوری نەماوە و ڕیفۆرماسیۆنی دینی لەوێدا سەری هەڵداوە «نەمانی ڕەهبانییەت و چاکسازیی دیکە لە شێوازی مەناسک و ڕێوڕەسمەکاندا» (زن در ادیان بزرگ جهان، ص ٧٢) نموونەی ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمی ئاینەکانن. ڕەوتە فمینیستییەکان ڕوانگەی جۆراوجۆریان سەبارەت بە عیرفان و مەعنەویەتی ژنانە هەیە و هندێکیان «مەعنەویاتیان بە ئەندازەی مافی مادی و بگرە زیاتر بۆ ژنان بە لاوە گرنگە» (فرهنگ نظریەهای فمینیستی، ص ٤٣٤) تەنانەت فمینیزمی مەعنەوی وەک ڕێبازێکی فمنیستی لە دنیای ژناندا بابەتێکی ڕۆژەڤە. سیمۆن دووبوار وەک فمنیستێکی چەپ هێرش ئەکاتە سەر چەمکی دین و عیرفانی ژنانە و لە دەقێکی چیرۆکئاسادا باسی ژنانی عارف ئەکات کە «بە عەشق و تامەزرۆییەوە ئیرادەی خۆیان بە خودای دروستکراو و ڕەگەزی نێر دەبەخشن» (جنس دوم، صص ٦٠٩-٦٠٨)□

جوولەکە و نەساری؛ ئەو دوو ئایینە لە بنەماڵەیەکن و بەنی ئیسراییلین. جوگرافیای سەرهەڵدانی ئەو دوو ئایینە لێک نزیکە و هەر بۆیە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە و تەنانەت مەسیح درێژەدەری ئایینە جووە. ئایینە یەکتاپەرەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلای یەکتردا ڕەواییان پێدراوە و دینی ئیسلام وەک دوایین دین بە ئەرێنی باسی هەموویانی کردووە. تەنانەت حەزرەتی مووسا و حەزرەتی عیسای بە (ئولولعەزم) ناوبردووە. ڕەواییدان و تێکەڵی و هاوپەیوەندیی ئەو ئایینانە لە ئاستێکدایە کە دینی ئیسلام پێیوایە لە ئاخر زەماندا حەزرەتی عیسا ڕزگاریدەر و بکوژی دەجاڵە و ،،،،

سرووشتی ئایینە یەکتاپەرەستەکان جیاوازە لەگەڵ ئایینە بوتپەرەستەکان و هەر بە پێی ئەو سرووشتەش هەڵسوکەوت و ڕوانگەکان سەبارەت بە ژن جیاواز بۆتەوە. ئەو دوو ئایینە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی بەرین و بەربڵاو بۆتەوە و کتێبەکانی ئینجیل و تەورات بە دەیان جار لەلایەن کەسانی جیاوازەوە نووسراوەتەوە و دەستێوەردانی تێدا کراوە، هەر بۆیە ناتوانین وەک سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە و جێی متمانە بۆ لێکۆڵینەوە کەڵکی لێ وەربگرین. کاتێک دۆخەکە بەوجۆرە بووە، ئیتر ناکرێ وەک ئینجیل و تەوارتی ڕاستەقینە حەسابیان بۆ بکرێ. بە هەر ئەندازە و ڕادەیەک لە دینەکاندا چەواشەکاری ڕووی دابێت، ئەوا لە تەسەوف و عیرفانیشدا بەو ڕێژەیە چەواشەکاری و دوورکەوتنەوە لە ڕێگای ڕاستی ڕوویداوە. سۆفیگەری و دین لێک جودا نین، چونکا دینەکان بێجگە لەوەی لە بەرامبەر سەرکێشی و دەستدرێژییەکانی ستەمکاراندا وەستاونەتەوە، پێڕەوانیشی هان داوە بۆ ڕەچاوکردنی ژیانی ساکار و ئاسایی. حەزەراتی مووسا و عیسا لە بەرامبەر فەراعنە و ستەمکاراندا وەستاونەتەوە. پێگەی ژنان لە سەردەمی ئەو دوو پێغەمبەرانەدا باش نەبووە و گێڕانەوە و چیرۆکە دینییەکان ئەو ڕاستییەیان دەرخستووە. بەر لەوەی حەزرەتی مووسا لە دایک ببێ، بەهۆی تەعبیر و مانای خەونی فیرعەونێکەوە هەموو منداڵە نێرینەکان یا لە نێو براوە یا ونیان کردوون، بەڵام منداڵانی کچ کە لە دایک بوون، هیچ گرنگییەکیان پێ نەدراوە و نەکوژراون. کۆشکی فیرعەون، حەرەمسەرا و کەنیزی زۆری لێ بووە. بەر لە فیرعەون، ئایینی یەکتا پەرەستی هەبووە و تەنانەت فیرعەون وەک لە سەرچاوەکاندا باسکراوە، خودای ناسیوو و لە تەنیایی خۆیدا لە خودا پاڕاوەتەوە .فیرعەون لە سەر تەختی پاشایدا

بانگەشەی خودایی کردووە. وێدەچێ فیرعەون یەکێ لە سیفاتەکانی خودا کە تایبەت خۆیەتی (متکبر) پێرەو کردووە.. هەر بۆیە چارەنووسی بەو جۆرە گۆڕاوە. ژنانی ناو کۆشکی فیرعەون بە پێچەوانەی پیاوان یەکتاپەرەست بوون. ئاسیە خێزانی فیرعەون ژنێکی بەبڕوا بووە و بە شێوەی پەنامەکی پەروەردەکردنی منداڵێکی نێرینەی قەدەغەی وەئەستۆ گرتووە. ئایینی جوولەکە سەبارەت بە ژنان توندوتۆڵتر هەڵوێستی گرتووە، تەنانەت بەشێک لە مەحارمەکان لە سەردەمی حەزرەتی مووسا بەدواوە سەری هەڵداوە،بۆ نموونە حەزرەتی مووسا «میمک یا خوشکی دایکی بە مەحرەم ناسیوە و هاوسەرگیری لەگەڵدا قەدەغەن کردووە» (زن در ادیان بزرگ جهان، ص ١٩٣). فێرکردنی دەستووراتی ئایینی جوو لەلایەن باوکەوە سەبارەت بە منداڵەکان جەختی لەسەر کراوە، بەڵام ئەو فێرکارییە بەپێی یاسای کۆنی یەهوودییەکان (هالاخا) بۆ کچان نەبووە. دواتر بەهۆی بڵاوەپێکرانی جوولەکەکان بە جیهاندا، شرۆڤە و ڕاڤەی نوێ سەر هەڵدەدات و بەپێی پێویست، ڕیفۆرم و گۆڕانکاری لە دۆخی ژناندا پێک دێ و بەرەبەرە دەقە دینییەکان فێری ژنان و کچانیش ئەکرێ. ژنانی بەناوبانگی «سەرەتای ئایینی یەهوود بریتین لە سارە، ڕیکا، لیە، ڕاحل، دەبوورە، میریام (خوشکی مووسا)، هولدە و ... هتد کە ڕۆڵی گرنگیان لە گەشە و پەرەپێدانی ئایینی یەهووددا هەبووە

بەپێی ئەو ڕیفۆرمانەی کە بە تێپەڕینی زەمەن لە ئایینی یەهووددا درووست بووە، ژنان بەڕێوەبردنی کەنیسەکانیان وەئەستۆ گرتووە» (زن در ادیان بزرگ جهان، ص ١٩٢).

حیجاب و باڵاپۆشی و داوێنپاکی لە ئایینی یەهوودا جەختی لەسەر کراوە. «تەڵاق کاتێک لەلایەن پیاوانەوە بەسەر ژناندا سەپاوە کە ژن یا تووشی زینا بووە یا بێ حیجاب بووبێ» (زن در ادیان بزرگ جهان، ص ٢١١)

تەسەوفی ژنانە لە ناو یەهوودییەکاندا بە پێچەوانەی ئەدیانی ڕۆژهەڵاتی کە ڕاهیبە بوون، نەیانتوانی بەڕێوەبەری کەنیسە بن و مێردیان هەبێ. کچان و ژنانی لاو و بێوەژنان لە کەنیسەدا دەستدرێژی نەکراوەتە سەریان. هەرچەن ئایینی یەهوود وەک سەرجەم دینەکان پیاوسالارە، بەڵام لە بەڕێوەبردنی دەستوورات و مەناسکی دینیدا ژنان بێجگە لە کاتی سووڕی مانگانە و دووگیانی، وەک پیاوان مافی بەشدارییان هەبووە. بارودۆخی داسەپاوی سیاسی بەسەر پێڕەوانی ئایینی یەهوود و دەرکردنیان لە وڵاتی خۆیان هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ژنانی یەهوود بۆ بژێوی ژیان وەک پیاوان بەشداری کاروبارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بن. تەریککەوتنی ئایینی یەهوود هۆکارێکی دیکە بوو بۆ بەشداریی زیاتری ژنان لە پرۆسەی بەڕێوەبەریدا کە وێدەچێ لەو بوارەدا ڕێژەی بەشداریی ژنانی یەهوود لە هەموو ئایینەکانی هاوچاخی خۆی زیاتر بووبێ. ئایینی مەسیحی لە دوای ئایینی یەهوود هەر لەو جوگرافیادا سەری هەڵدا. دیاردەیەکی تازە سەبارەت بە ئایینی مەسیحییەت ئەوەیە کە دوو کەسایەتی لەوێدا دەبنە هێما و سیمبول. کەسایەتیی حەزرەتی مریەم وەک هێمایەکی ژنانە هەم گرنگایەتییەکی جیاوازی هەیە و هەم کاریگەری لەسەر پێگەی ژنانی دوای خۆی هەبووە. گرنگییەکە لەوەدایە کە حەزرەتی مریەم بە کچێنی و داوێنپاکی مایەوە و هەم منداڵێکی بە ناوی عیسا پێبەخشرا کە یەکێ لە گەورەترین پێغەمبەرەکانە کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەبووە. گەورەبوون و دەرکەوتنی ژنێکی داوێنپاک لە قەوارەی دینی مەسیحدا بووە هۆی ئەوە کە ژنان بەزۆری ڕوو لە دەستووراتی دین بکەن. عیرفانی مەسیحییەت سەبارەت بە ژنان جۆرێک پارادۆکس و سەرگەردانی تێدا بەدی ئەکرێ. ئەو پارادۆکسە ئەوە بوو کە ژنان دەبوا یان وەکوو مریەمی موقەدەس کچێنی و مێردنەکردن بکەن بە پیشە و ببنە ڕاهیبە. لە لایەکی دیکەشەوە حەزرەتی مریەم بە ئەمری خودا ئەو دۆخەی بۆ پێش هات بەڵام بۆ ژنانی شوێنکەوتووی مەسیح ئیتر ئەو ئیمکان و دەرەتانە نەهاتە پێش کە بۆ حەزرەتی مریەم ڕووی دا. ئەو ژنانەی کە ژیانی بێ پیاوییان هەڵبژارد، بوونە ڕاهیبە و ئەوانەش کە هاوسەرگیرییان کرد بوونە کەسانێکی دینداری ئاسایی کە تەنیا لە کلیسەکاندا دەستووراتی دینییان بەڕێوە دەبرد. قەبووڵکردنی ڕواڵەتی دین بۆ هەموو کەس تەنانەت بۆ ژنانیش ئاساییە بەڵام چوونە نێو قووڵایی دین و بڕینی قۆناخەکانی تەسەوف هەم بۆ پیاوان و هەم بۆ ژنان قورس و کێشەسازە. لە هەموو دینەکاندا ژنان وەکوو پیاوان پلەی تەسەوف و عیرفانیان بڕیوە بەڵام بەهۆی باری سایکۆلۆژی و فیزیۆلۆژییەوە هندێک کۆسپ و تەگەرە و بەربەست بۆ ژنان دێتە پێش کە نابێ حاشا لەو بابەتە بکرێ. ئایینی مەسیحییەت بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاری بە خۆوە دیوە. ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر عیرفانی مەسیحی هەبووە.هەرچەن لە سەردەمی «عەتیقدا دژایەتی لە گەل پەیکەردا کراوە و بە هێمای بوت پەرەستی ڕاڤە کراوە بەڵام دوای مشت و مڕێکی زۆر و درێژەدار،هێدی هێدی بە مەرج و یاسای تایبەت مۆڵەت و دەرەتانی وێنە و پەیکەری مریەمی پاک و حەزرەتی عیسا لە کلیسەکاندا دەدرێت».(زن در آیین مسیحیت.ل٤ ) «درووستکردنی پەیکەر و کێشانی وێنەی حەزرەتی مریەم و حەزرەتی عیسا لە کەلیسەکاندا و تێکەڵیی ژن و پیاو لە کاتی نزا و پاڕانەوەدا جۆرێک ڕیفۆرمە کە بە درێژایی مێژوو بەرەبەرە درووست بووە. یەهوودییەت و مەسیحییەت هەردوو بە چڕی جەختیان لەسەر داوێنپاکی کردووە و سەبارەت بە زیناش حوکمی توندیان دەرکردووە. تابۆی زینا سەبارەت بە منداڵان و ژنان وەک دەرس و وانە وتراوەتەوە و داوێنپاکیی هەموو کچان بە داوێنپاکیی مریەمی موقودەسەوە گرێ دراوە. «لە ئایینی مەسیحییەتدا ژنان دەتوانن ببنە قەشە. قەشەکان مافی هاوسەرگیرییان



# باسێک لە سەر کتێبی «برکی ڕزگاری» و پرسی ژنان، شۆڕشی ژینا و کوردایەتی لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم

## بەڕێوەبەری کۆڕ: خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی

بشی کۆتایی

**کەم نین ئەو ژنانەی کە شوێنپەنجەیان لە کۆمەڵگەدا دیار بێ خاتوو شەهلا دەباغی یەکێک لەو ژنانەیە کە هەموو تەمەنی تێکۆشاوە تا یەکێک لەو ژنە شوێندانەرانە بێ و بە دەیان وتار و بابەتی لە ماڵپەڕ و نامیلکە و ڕۆژنامەی کوردیدا بڵاو بووەتەوە گۆڤاری «تیشک» یەکێک لەو گۆڤارانەیە کە خاتوو شەهلا یەکێک لە خاتوونی نووسەری ئەو گۆڤارەیە.**
**نوێترین کاری ئەدەبی خاتوو شەهلا کتێبێکە بە ناوی «برگی ڕزگای» بوو کە لە وتووێژێکدا لەگەڵ خاتوو گوڵالە شەرەفکەندی باس لەو کتێبە و هۆکار و چوێنییەتی نووسینی کتیبەکەی دەکا.**
**وتووێژەکە لە تۆڕی میدیایی یووتیووب بڵاو بووەتەوە و هاوکارانی «گۆڤاری ژنان» زەحمەتیان کێشاوە و ئەو دەنگەیان بە شێوازی نووسین بۆ گۆڤاری ژنان دابەزاندووە.**

...گوڵاڵە: سەبارەت بە فێمینسم کە باس لەوە دەکەی بۆچوونە، ئیدیۆلۆژی و مەکتەب نیە بەڵکو ڕوانگەیە، پێرسپەکتیڤە. یا لە لاپەرەی ٢٠دا کاتێک باس لە فێمینسم دەکەی، ڕەخنە لە «ریلاتیڤیسم» دەگری. ریلاتیڤیسم لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوە کە بیروبۆچوونە جیاوازەکان بتوانن لە پاڵ یەکتردا بژین، ڕەوایەتیش دەداتە دیاردەرکان لە ژێر ناوی پلۆرالیسمی فیکری یاخود مافی دەربڕین لە ناو کلتورە جیاوازەکاندا. ئێمە هەموومان ئەو بابەتە دەزانین کە کاتێ تەماشای ژمارەی (٩)ی ئینگلیزی دەکەین: ئەو کەسەی لە لایەکی وەستابێت دەڵێت: (٩)یە، بەڵام بەرامبەرەکەی دەڵێت: (٦)ە. و دەڵێت دەبێ نەرمی بنوێنێ و ئەگەر جێگەکەی بگۆڕی وەک من دەیبینی. بەڵام تۆ پێداگری دەکەی کە پرینسیبەکانی فێمینیسم جێگەی معاملە نین. وایە؟

شەهلا: من باوەڕم وایە کە لە هزردا، لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا، لە دیتنی گرفتەکاندا هەمیشە دەبێ زۆر ڕادیکاڵ بین. بەڵام لە کردەوەی کۆمەڵایەتیدا زۆر نەرمی بنوێنین. هەمیشە دەبێ هەوڵبدەین کە ئەو باڵانسە ڕابگرین. بۆیە لەوێشدا هەوڵمداوە کە باسی ئەو پلۆرالیسمە بکەین، بەڵام پرینسیبەکان گرنگن، بۆ نموونە ئێستا ئێمە لە سۆید دەبینین کە لە کردەوەدا پاشڤەرۆترین کەسان دەتوانن لە ژێر ناوی ریلاتیڤیسم قسەی خۆی بباتە پێشەوە. من هاوکارێکم لە بەشی سۆشیال گەنجێکی ٢٨ساڵانە کە لە سۆید گەورە بووە و خوێندوویەتی بەڵام پاشخانی وڵاتێکی تری هەبوو، (با نەبێتە راسیست ناوی وڵاتەکەی ناڵێم)، باسی لەوە دەکرێت کە هیوادارم پەنجا ساڵی دیکە یاساکانی شەریعەت لە سۆید جێبەجێ بکرێت. دەی باشە لێرەدا من ناچارم لە ڕووی پرینسیبەوە ڕادیکاڵانە فکر بکەمەوە، ڕەخنەگرانە فکر بکەمەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەویش قسەی خۆی دەکات. چوونکە ئەم کۆمەڵگایەک ئیزنی پێداوە کە ئازادانە بیروڕای خۆی باس بکات. بۆیە دەڵێم لە پرینسیبدا ڕادیکاڵ بین.

گۆڵاڵە: لە ڕاستیدا فێمینیسم پارێزگاری لە پرینسیبەکان دەکات یاخود بڕیارە پارێزگاری لێ بکات؟

شەهلا: دەبێ لەم پرینسیبانە پارێزگاری بکات و دەبێ گرفتەکان، ڕادیکاڵانە ببینێت. ئەتۆ ناتوانی سەبارەت بە ژنێکی کورد لە مەریوان یا مەهاباد کە ئاوی نیە و واخەریکن سەرچاوەی ئاوەکەی بەکاناڵ دەبەن بۆ ئیسفەهان ڕادیکاڵ گرفتەکە نەبینی. خۆی ئەمە کۆلۆنیالیسمە کە سەرچاوەی ئاوەکەت دەبەن و بێ بەشت دەکەن و لە هەژاریدا دەتهێڵنەوە. لە گەرمای هاوینی ئیلام دا لە هەژاریدا دەژیت. بۆ ئەم بابەتانە ناتوانی ڕادیکاڵانە بیر نەکەیتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا لە کردەوەی کۆمەڵایەتیدا ، مەبەستم حیزبەکانە مونعەتف بن، من کە تاک و ژنێکی ئاساییم کە لە سۆید دەژیم و هیچ کارە نیم، تەنیا دەتوانم پەرتووکێک بنووسم یا نەنووسم. من دەنگم تا کوێ دەڕوات؟ من سپاسگوزاری ئەو کەسانەم کە ئەمرۆ لێرە ئامادە بوون.

گولاڵە: بەڵام ئەم بەڵگەیە هەبێ، باشە.

شەهلا: راستە. هەبێ باشترە. بۆ ئەوەی بزانرێ کە هەر کەسێ باسی چی دەکات. خۆی ئەو بابەتانەی کە من دەیان نووسم بە تەنیا هەر هی خۆم نین. واتە زۆر جار هەوڵ دەدەم کە کاتێ لە گەڵ هاوڕێیانم دادەنیشین بۆ نموونە لەگەڵ کاک ئەحمەد، (کە کەسێکی زۆر بە توانایە لە ڕووی فیکرییەوە) یاخود لەگەڵ عەتا (دەزانن ئەو نەرمی نواندنە من لە کاک عەتا فێربووم) هەمیشە ڕادیکاڵ تەماشای بابەتەکانی ژیان بکە بەڵام بە کردەوەنەرمی بنوێنە. خۆی لە بنەڕەتدا مرۆڤ، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. خۆ من دەتوانم دە مانگ لە ژوورێکدا دانیشم و نەرۆمە دەرەوە، هەندێ پێداویستی بکڕم و لە ماڵ دانیشم و نەرۆمە دەرەوە. بەڵام تۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و دەبێ ماف بدەی بە مرۆڤ و ئیدەکانی تر چوونکە «راستی ڕەها» لە لای من نییە، یا تەنیا لە لای تۆ نییە. ئێمە هەموومان بە هاوکاری یەکتر دەتوانین پرسی کورد و فێمینیسم بچەسپێنین و جێبەجێ بکەین.

گولاڵە: بەشێکیش ئەوەیە کە تۆ

هەستێکی فێمینیستی دروست ناکەی. ئەتۆ پێت وایە کە دەبێ بچیتە ناو هەموو پرینسیپەکانەوە. وانییە؟ ئەو شتەی کە من دەیخوێنمەوە پێویستە لەرێگەی پێکهاتەی جۆراوجۆرەوە کە بەنیازە کۆمەڵگا بنیادبنێتەوە بچیتە ناوی. نەک ئەوەی کە لە سەرەوڕا وەک حیزبێک تەنیا پلانی ئەوەت هەبێ کە بەرنامەیەکی سیاسی جێبەجێ بکەی؟

شەهلا: دەبێ ئەو پێرسپێکتیڤە فێمینیستییەت هەبێت چوونکە گوتم بۆ من ئیدیۆلۆژی نییە. وەک دەزانن ئیدیۆلۆژی بەگشتی چینێکی تایبەت، بۆ نموونە ئیدیۆلۆژی لیبرالیسم لەگەڵ چینێکی سەرمایەداری دەستڕۆیشتووەوە بەندە، یاخود ئیدیۆلۆژی کرێکاری من خۆم بە هیچ ئیدیۆلۆژییەکەوە پابەند نازانم. ڕەنگە جۆرێک زیرەکی تێدا بێت: کەمێ دەمهەوێ دەست و باڵم کراوە بێت و لە کوێ و چ شتێک بە قازانجی کوردە، بیقۆزمەوە و سوودی لێوەربگرم، ڕەنگە وابێت. بەڵام نازانم. لەراستیدا لە ڕووی کارەکتەریشەوە من زۆر لە چوارچێوەدا ناگونجێم. پێم وابێ ئەگەر لە حیزبێکدا بوومایە، هەزارجار ئینشعابم دەکرد. بەڵام پێرسپێکتیڤەکانە کە گرنگن، تۆ سەفەرێکی چینایەتی دەکەی، بۆ نموونە من کە لە بنەماڵەیەکدا بووم کە دایکم ئێمەی بەخێو کرد و ئێستا گەیشتوومە سۆید و لێرە هەموومان کوردەکان کە لە سوید دەژین ژیانێکمان هەیە کە دەستمان لە دەممان ڕادەگات، خۆ من ناتوانم ئەو پێرسپێکتیڤە لە خۆم داماڵم کە ئێستا بە هەزاران کەس لە کوردستان هەن کە نانی شەویان نییە بیخۆن، هەر مرۆڤانە نییە. بۆیە ڕوانگە چینایەتییەکە، ڕوانگە جێندەرییەکە، ڕوانگە ژینگەییەکە، هەموو ئەم پەرسپێکتیڤانە دەوڵەمەندت دەکەن کە تۆ بتوانی زیاتر بە کەیسی کورد، کەیسی ژنی کورد، کەیسی زەحمەتکێشانی کورد، پرسی بیروڕای ئازاد ڕابگەی. خۆی ئەگەر بیروڕای ئازاد نەبێ، کوردایەتی چ لێدەکەی؟ ئەگەر سبەی ڕۆژ ئەمەمان نەبێت، کوردایەتی چی لێبکەین؟ من دوو وتارتان پێی پێشنیار دەکەم کە بیخوێنەوە: یەکەمیان «تیشک چۆن کار دەکات؟» کە بەراوردی بە یەکێتی سۆڤییەت کردووە کاتێ کە حیزبی کۆمۆنیستی بە تەواوەتی دەسەڵاتدار بوو، ئێلیت و نووسەران لەوێدا تۆرێکیان دروستکرد کە بتوانن بیروڕای جیاواز دەرببڕن بە جۆرێ کە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی دەوڵەت و حیزبی کۆمۆنیست جیاواز بێت. زۆربەی ئەو کەسانەی ناوخۆ کە بە شاراوەی بابەت دەنووسن و بە ناوی خوازراو دەینێرن بۆ گۆڤاری تیشک، لێرەدا ئامانج، دەربڕینی بیروبۆچوونەکانە کە زۆر گرنگە. دەی باشە ئەگەر سبەی ڕۆژ دەوڵەتێکی کوردی هەبێت ناتوانی بیروڕای ئازاد دەربڕی، ئەو کات کوردایەتی بۆ من هیچ واتایەکی نامێنێت. کە منداڵانی هەژار، خوێندنی بێبەرامبەر لە هەموو شار و گوندەکاندا دەستەبەر نەکەی. پرسی ژنان، پرسی ئازادی ژنان بەلاوە بنێی، بۆیە من دووبارە دەگەڕێمە سەر ئەو بابەتە کە یەکجار گرنگە چۆن ئەو بەستێنە دروست بکەی کە باسی هەموو گرفتەکانی تێدا کۆبکەیتەوە وچارەسەریان بکەی. وتاری دووهەمیان، وتارێکە کە داود عوسمانزادە خەلکی مەهاباد (گەنجێکی خۆشفکرە و ئێستا لە ئۆتریشە) بە ناوی «کۆلۆنیالیسمی ڕۆژانە» کە باس لە دووبارە و نوێبوونەوەی کۆلۆنیالیسم دەکات بە شێوەی ڕۆژانە. یەکێکە لە وتارە باشەکان. خۆی سیاسەت چییە؟ مەگەر سیاسەت ئەوە نییە کە ژیانی ڕۆژانەمانی پێ چاک بکەین؟ منداڵەکان باشتر بخوێنن، کچەکانمان ئازاد بن، هەژاری و نەهامەتی نەمێنێت. خۆ بۆ ئەوە نییە بچینە سەر مەریخ! بۆیە ئەو پێرسپێکتیڤە دژەکۆلۆنیالیستیە لەوەی دایە کە هەمووی ئەمانە لە خۆی بگرێت. کاتێ دەگەڕێنەوە سەر باسی تاران، ناتوانێت تۆی کورد بە شەرتەکانی تۆ لە خۆ بگرێت. پرسەکە دەناسێ بەڵام دەترسێ لەوەی هێژمۆنییەکەی لەدەست بدات، لەوە دەترسێت کە ئەو سەرمایەیەی لە تاران کۆبۆتەوە، لە دەستی بدات. بۆ چی ئەو خۆشگوزەرانیەی کە لە تاران هەیە لەدەستی بدات لە پێناوی منداڵی کورد کە کۆڵبەری دەکات یا بەلوچ کە سوختبەری دەکات؟ هەرچەند لە تارانیش کەسانێک هەن کە تێکۆشانیان هەیە و خەبات دەکەن بەڵام لە چوارچێوەی هێژمۆنی و یەکپارچەیی وڵاتی ئێراندا. ئەو ناتوانێ یا نایهەوێ دەردی منی کۆڵبەری کورد تێبگات. بە دەیان دکتۆرا و ماستەر هەن کە کۆڵبەری دەکەن. ئەو نایەت لە بەرژەوەندییەکانی خۆی چاوپۆشی بکات لە پێناوی کۆڵبەرێکی کورد دا. ئێستا ئەگەر پرسیارم لێبکەی، من دەڵێم گەورەترین گرفت لە ئێراندا، ڕووناکبیرەکانیانن. ئەوان ئامادە نین لە هێژمۆنی خۆیان بێنە خوارەوە، دەسەڵات دابەش بکەن و ئامادە نین ماف بدەن بە کورد و بەلوچ. واتە سەرەتا بڵێت من مافی نەتەوەیی تۆی کوردم قەبوڵە جا دواتر وەرە بە یەکەوە خەبات بکەین. لە جیاتی ئەوە، دەڵێت: تۆ سەرەتا وەرە یەکپارچەیی خاکی ئێران قەبوڵ بکە دوایە بە یەکەوە خەبات دەکەین. وا نابێت. تۆ سەرەتا مافەکانی من قەبوڵ بکە، دواتر من دێم یەکگرتوویی ئەنجام دەدەم.

گوڵاڵە: «کاتێ کارەساتێک ڕوودەدات، کە بەردەوام بەسەرمان دێت، ژنی کورد بەو شێوەیە بیرناکاتەوە کە چوونکە ژنم یا چوونکە کوردم بەڵکو بیر لەوە دەکات چوونکە کوردین و بەدەوام دەبێ خەبات بکەین، نەتەوەیەکی ژێردەستین، بەم شێوەیە دەجوڵێتەوە. کاتێ کە هەزاران ژن ناچاربوون لە هەر قوژبنێکی ئەم خاکە، لەتێک لە ڕۆحی خۆیان پێشکەشی خەبات بکەن، منداڵ بێباوک بەخێوبکەن، لە ژیان و بەرخۆدانیان بەردەوام بکەن، کار بکەن، بخوێنن، هەموو ناسنامەی ژن، لە ژێر ئەم بارودۆخەدا شکل دەگرێت و هاوسۆزی و هاوبەشی لە نێوان ژناندا دروست دەبێت کە کۆی ژنبوون و جیاوازییەکانیان دەخاتە ژێر سێبەری خۆی و هیچ کام لە ڕووبەر و هۆکارەکانی تر بە ڕادەی خەبات دژی داگیرکەران، ژنی کوردی فۆرم نەداوە. ژنی کورد هەر ئێستا ئۆبژەیەکی سێکسی بێدەسەڵاتە، نادیارە. ناسیۆنالیسمی بێدەوڵەتی کوردی تاکو ئێستا نەیتوانیوە پرسی نیوەی کۆمەڵگاکەی، جێندەر و ناسیۆنالیسم، چۆنێتی پەیوەندی نێوانیان پێناسە و تیۆریزە بکا و لە یەکیان گرێبدات. ناسیۆنالیسمی کوردی وەکو هەموو ناسیۆنالیسمەکانی جیهان، روخسارێکی پیاوانە، و فۆرمێکی پیاوانەی هەیە. ژن بە دایک و شەرەفی خۆی پێناسە دەکات و باسی لە جەستەی ژن تابۆیە.» (بەشێک لە کتێبی برکی ڕزگاری



بەڵام شەهلا خۆی لە قەرەی باسی تریش دەدات. ڕەخنەی ئەدەبی، مۆتیڤەیشنت چییە؟

شەهلا: وەک شۆخییەک، دەڵێن ئەوەی کە شاعیری چاک نییە دەبێتە ڕەخنەگر. هەرچەند ئەوە شۆخییە. ئەتۆ کاتێک پەرتووکێک یا ڕۆمانێک دەخوێنییەوە، یاخود شعرێک دەخوێنییەوە، من لە بیرمە کاتێ «سازی ناساز»م دەنووسی، بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە مێشکمدا هات و ڕۆیشت. بۆ نموونە کاتێ لە شەمەندەفەردا بووم دێڕێکم شی دەکردەوە، کاتێ لە سەر کارەکەم بوو، لە پڕ بیرم لە دێڕێک دەکردەوە، بەڵام دواتر بە دە ڕۆژان دانیشتم نووسیم. چوونکە لەو حەوت ساڵەیدا ئەوەندەم بیر لێ کردبووە کە بە دە ڕۆژ نووسیم. ڕەخنەی ئەدەبی چێژبەخشە بزانی دەق و یا شاعیر، مەبەستی چییە. وەک ئەوانەی کە X لە بیرکاری دا دەدۆزنەوە، ڕێک وەک ئەو وایە کە ئەو دەقە بکەیتەوە و لە بەر یەکی هەڵبوەشێنی و تێبگەی کە مەبەستی شاعیر لەوێدا چییە؟ جاری وایە کە تۆ نازانی مەبەستی چییە لە خودی شاعیرەکە دەپرسی کە ئاخۆ مەبەستت لەوێدا چییە؟ هەندێ جار پێت نالێ، بۆ پێتی بڵێ؟ خۆت بڕۆ بیدۆزەوە. بۆیە کاتێک پەرتووکێک دەخوێنمەوە بۆ من چێژبەخشە کە نەهێنییەکان و شتە باسنەکراوەکان و واتاکانی بنەوە بدۆزمەوە. تەنیا ئەوە نییە کە دەق باسی چی دەکات. ئەمە بە شێوەیەک چێژبەخشە. دواتر، ڕەخنەی ئەدەبی لە ناو کوردا لە ژێر دەسەڵاتی پیاو دایە. ئێستا ئەو پیاوانەی کە لەسەر ئەدەبیات کاردەکەن ئێمەیان هەر پێ سفریش نیە! من مەبەستم خۆم نییە. مەبەستەکەم لێوەرگرن. ڕەخنەی ئەدەبی، لە مەیدانی دەسەڵاتی پیاوان دایە. کاتێ ژنێک بیهەوێ بچێتە ناو ئەم مەیدانە، یەکجار زەحمەتە. بە هەمان شێوە کە چۆن ڕێبەریی حیزبەکان لە دەست پیاوان دایە، کاتێ وەک ژن دەچێتە ناوی، یەکجار دژوارە. هەر مەیدانێک کە پیاوانە بێت، بۆ ژن زۆر سەختترە کە بچێتە ناوی. ئێوە ڕەنگە هەمووتان ئەو وێنەیەتان بینبێت کە لە کێبرکێی ڕاکردندا، بۆ ژنەکە چەندین لەمپەریان داناوە بەڵام بۆ پیاوەکە ڕێگەیەکی بێ لەمپەر و ئاسانە. ڕێک بەم شێوەیە، ڕەخنەی ئەدەبی، مەیدانێکی پیاوانەیە و کاتێک وەک ژن دەچێتە ناوی، دەبێ لە گەڵ دەیان پیاو کە پێشتر پەرتووک و بابەتەکانیان چاپکراوە، سەروکەلە لێبدەی. من بۆ خۆم هەرگیز لە گەڵیاندا ناکۆمە شەڕ و ململانێ. من کاری خۆم دەکەم. لەسەر «کوردبوون»، من زۆر ڕووبەڕووی ڕەخنە بوومەوە. هەر کەسێ بە جۆری باسی کردم کە من پارێزگاری کە دز و چەتەیەک دەکەم. بەڵام بۆ من گرنگ بوو کە کەسێک ڕاشکاوانە دێت باسی خۆی دەکات و دەڵێ کەسم کوشتووە و دزیم کردووە بەڵام لە کۆماری کوردستاندا دەبێتە کاپیتان و شەڕ بۆ کوردایەتی دەکات و دواتر دەچێتە ڕوسیە و لە کۆتا ساتەکانی ژیانیدا کاتێک بە نیازە بگەڕێتەوە زێدی خۆی، بەڵام لە سەر کورسییەک دڵی لە لێدان دەکەوێت. لێرەدا گرنگە کە ئەو بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییە، ئەو پابەندبوونە کە وەک مرۆڤ لەسەر شانتە، وەک توانایەکی ئەدەبی سوودی لێوەربگری. بۆیە ئەمن ڕەخنەی ئەدەبیم لا پەسەندە. جاری وایە دڵتەنگ دەبم. بڕیار دەدەم ئیتر چی تر نەنووسم و وازی لێبێنم، بەڵام بە دەستی خۆم نییە. ئەگەر شتێک مێشکی داگیرکردم ئیتر بەدوایدا دەڕۆم. بۆ نموونە ئێستا دڵم لەسەر شتێکە، بەدڵنیاییەوە دەبێ بە ئەنجامی بگەینم. ئەدەبیات، بنەماکەی لەسەر چێژە. ڕەخنەی ئەدەبییش بە هەمان شێوەیە. لەگەڵ ئەوەی کە پابەندبوونی دێتەسەر و هەروەها پرۆبلەماتیزە دەکەی. بۆ نموونە بۆ یەکێک لەو وتارانەم. لەسەر ئاوشویتس، من هەشت ڕۆمانم بە سویدی خوێندەوە. کە نووسەرەکانیان لەسەر «ئاشویتس» نووسیبوویان. وتم بزانم ئەو هەشت نووسەرە چیمان پێدەڵێن. خانمێک هەبوو کە چەند ساڵ پێش کۆچی کرد، خۆی و خوشکەکەی کاتی لە «ئاشویتس» دێنە دەرێ، باس لەوە دەکات کە نەیاندەزانی بۆ کوێ بڕۆن. بۆیە بە ناچاری هەر گەڕانەوە «ئاشویتس». واتە ئەوەندە بێ پەنا بوون کە گەڕانەوە بۆ ئەو کەمپەی کە تێدا ژێنۆساید کرابوو. بۆیە پابەندبوونێک دێتە ئارا. ئەو پابەندبوونە کە کاتێک نەتەوەکەت ژێنۆساید دەکرێ، نەتەوەکەت هیچ مافێکی نییە، توشی کۆڵبەری بووە، ڕەخنەی ئەدەبی بۆ من دەبێتە ئەو پابەندبوونە.

خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی: دەستت خۆش بێت. ببورن ڕەنگ کاتمان نەبێت. ئەوانە هێندێ پرسیاری من بوون کە ڕەنگە بەهۆی مەیلی خۆم بوو بۆ ئەم بابەتانە. دواتر دەچینە سەر پرسیار و وەڵام



جیهان بێتووشی

# زمانی جەستە چییە؟



زمانی جەستە چییە ؟
چۆن پەیدا بووە؟
لە لایەن کێوە بەکار دەهێندرێت؟
چەندین پرسیار لە باری زمانی جەستەوە دەکرێ بەڵام دەبێ سەرەتا بڵێین زمان چۆن پەیدا بووە ؟

بێگومان لەبارەی پەیدابوونی زمان چەندین بیر و بۆچوون و گریمانەی جیاواز هەیە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی باس لەوە دەکرێ کە زمان خودای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە و مرۆڤ ئەو توانایەی هەیە کە فێری زمان ببێت چونکە شێوازی جەستەو قورگ و دەنگە ژێکانی مرۆڤ لەبارن بۆ قسەکردن و دەربرینی دەنگ ئەوە ئەو بۆچوونەیە کە بە شێوەیەکی گشتی لەسەری کۆکن بەڵام زانایان چەندین گریمانەیان باس کردووە لەبارەی پەیدابوونی زمان بەڵام من باس لە هەموو ئەو گریمانانە ناکەم تەنیا باس لەو گریمانەیە دەکەم کە پێیان وایە زمانی مرۆڤ سەرەتا لە بزاوتنەوە پەیدا بووە واتا مرۆڤ سەرەتا زمانی جەستە یان ئیشارەتیان بە کار هێناوە بۆ ئاڵوگۆڕکردن بیروبۆچون و گفتوگۆ هەرچەندە باس و خواسی مرۆڤی کۆن تەنیا پەیداکردنی خۆراک و چەند شتێکی سەرەتایی بوو دواتر بە پێی پێویستی ژیان و هەوڵدانی مرۆڤ زمان گۆڕاوە بۆ دەنگ هەر لەبەر ئەوەشە کە لە سەردەمی تازە و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا زمانی جەستە گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە زۆرینەی وڵاتان و زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهاندا زمانی جەستە وەکوو دەرسێکی سەرەکی و بابەتێکی گرنگ دەخوێندرێت چونکە زانایان پێیان وایە بۆچوونیان وا دەردەبڕن کە سەرەتا مرۆڤ زمانی جەستەی بە کار هێناوە لە نێوان خۆیاندا بۆ لێکتر تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و ڕاو و قسەکانی ڕۆژانەیان بەڵام دواتر هەوڵیان داوە کە زمانی جەستە بگۆڕن بۆ دەنگ ئەمەش لە ڕێگەی ئەوەی کە دەستیان بە کارەوە خەریک بووە ناچار بوون پاڵێک بەو هەوایە و بنێن کە لە دەمدا دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی کە بتوانن دەنگ دەرببڕن زمانی جەستە زانستیکی سەربەخۆیە لە ئێستادا کە مرۆڤ تەنیا ئەندامانی جەستە بەکار دەهێنێت بۆ گەیاندنی واتاکەی یاخود گەیاندنی بابەتەکەی واتا دەنگ دەرنابڕێت

نوقاندنی چاو و جووڵاندنی دەستەکان هەر ئاماژەیەک هێمایەکە بۆ هەست و گوزارشکردن لە بیری ئەو کەسە بە شێوەیەکی گشتی زمانی جەستە لە سێ باردا بەکار دەهێنرێت یەکەمیان لە جیاتی وتە واتا لە جیاتی دەنگ جەستە وەکوو تێگەیاندنی کەسی بەرامبەر بە کار دەهێندرێت دووهەمیان بۆ بەهێزکردنی وتار واتا کاتێک یەکێک وتەیەک پێشکەش دەکات کاتێ دەستەکانی لەگەڵ دەجووڵێنێت ئەوا و وتارەکەی لە چاوی کەسی بەرامبەردا بەهێزتر و زیاتر جێگە دەگرێ سێیەمیان زمانی جەستە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی کەسەکانە نموونە کاتێک کەسێک دەگری هۆکاری نالەباری دەروونی کەسەکە دەردەخات بەمەش دەتوانین لە ڕێگەی زمانی جەستەوە لێکۆڵینەوەلەبارەی هۆکارە دەرونیەکان بکرێ واتا بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین زمانی جەستە پابەندە بە کار و باری مرۆڤایەتی لە ئەمڕۆدا زمانی جەستە بە پێی لێکۆڵینەوەکان کە لە ئێستا دا لەبارەیەوە دەکرێت لە نێو ژناندا زیاتر بەدی دەکرێت تاوەکو لەنێو پیاواندا واتا ژنان زیاتر لە زمانی جەستە تێ دەگەن و زیاتر زمانی جەستە بە کار دەهێنن بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونە زانایان لێکۆڵینەوەیەکیان کرد شانۆگەرییەکیان بێدەنگیان پێشکەش کرد چەندین پیاو و ژن لەو هۆڵەدا بەشدار بوون کە شانۆگەرییەکەی تێدا پێشکەش دەکرا دوای کۆتایی هاتنی شانۆگەرییەکە پرسیاریان لە بارەی شانۆگەرییەکەوە لە پیاوان و لە ئافرەتان کردو خانمان باشتر توانیان شیکردنەوە بۆ شانۆگەریەکە بکەن و بەمەش زانایان لەو کاتەدا تێگەیشتن کە ئافرەتان بە شێوەیەکی دروستتر لە شانۆ بێ دەنگەکە تێگەیشتوون هەتاوەکوو پیاوان بۆیان دەرکەوت کە ژنان زیاتر لە زمانی جەستە تێ دەگەن و وە زیاتر لە بازاری ڕۆژدا یان ژیانی ڕۆژانەیاندا بە کاری دەهێنن

# چیرۆکی ئازاری ژیان



لە دووهەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادایین و ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ ئەوەی پڕاو پڕ بوو لە شانازی و هەموو جیهانی لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵات و ژێردەستەییان لە دەوڵەتێکی داگیرکەری فارس کە ساڵانێکە بە دەستییەوە دەناڵێنن ئاشنا کرد و سەلماندی ئەو خەڵکە هیچ کات نایهەوێ و ناهێڵی دەوڵەتی داگیرکەری فارس زەفەر بەرێتە سەر ماڵ و ژیانیان.

دوای ئەوەی ژینا بە بێ تاوان و تەنیا بە بیانووی چەند تاڵی پرچی دەستبەسەر دەکرێ و دەکوژرێ ئەو کاتەیە خەڵک بە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانیان لەسەر گۆڕستانی ئایچی کە ژینای لێ ناشترا و لەسەر کێلەکەی یەکێک نووسی: «ژینا گیان تۆ نامری ناوی تۆ دەبێتە ڕەمز» دەستی پێکرد و بوو بە هۆی ڕشتنی ڕق و قینی دێوەزمەیەک بە ناوی کۆماری ئیسلامی و بە جێی ئەوەی داوای لێبوردن لە خەڵک و بنەماڵەی ژینا بکەن ئەمجار دەستیان کرد بە کوشتن و گرتن و بریندارکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە بە دژیان و بۆ نارەزایەتی

**هەمووی چارەگێک دەبێ کە لەماڵ دێتە دەرێ کاتێک ڕمبەی یەکەم هاژەک دێ و ڕیحانە لە تاوی ئەوەی زانیار شتێکی لێبێ ڕا دەکاتە دەرێ و زانیار لە تاوی ئەوەی ڕیحانە لەو دۆخەیدا نەترسێ بەرەو ماڵێ دەڕوا.**

دەربڕین بەو قەتڵە لە ئانقەستەی کە کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە کردبووی

ڕێژیم بە کوشتن و بریندارکردنی خەڵکی نارازی نەوێستا و بەبیانووی ئەوەی کە ئەو خۆپیشاندانە لە ژێر سەری حیزبە کوردییەکانی دژبەری دایە بە شێوازی شەلم، کوێرم، کەس نابوێرم، لە ڕۆژی شەشی ڕەزبەر دا کە تەنیا چەند ڕۆژ بوو مەدرەسەکان کرابوونەوە و منداڵان لە مەدرەسە بوون لە کاتژمێر نۆ و نیوی بەیانییەوە دەستی کرد بە هاویشتنی هاژەک و دڕۆن بۆ سەر حیزبە کوردییەکان و چەد دانە لەو دڕۆن و هاژەکانە لە دەور و بەری مەدرەسەی منداڵەکان درا و ئەوەی بوو بە هۆی ترس و وەحشەتێکی زۆر لە نێو ژن و منداڵ و خەڵکی ئاسایی

کاک زانیار ڕەحمانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای تەواوبوونی کاتی نیگەهبانی چووبووە ماڵێ و سەری ڕیحانە (شیما)ی هاوژینی دابوو تا بزانی حاڵی چۆنە یان هیچی پێویست نییە؟ تاوێکی لەلا دادەنیشێ و دەڕوا بۆ ئورگانی کارەکەی

هەمووی چارەگێک دەبێ کە لەماڵ دێتە دەرێ کاتێک ڕمبەی یەکەم هاژەک دێ و ڕیحانە لە تاوی ئەوەی زانیار شتێکی لێبێ ڕا دەکاتە دەرێ و زانیار لە تاوی ئەوەی ڕیحانە لەو دۆخەیدا نەترسێ بەرەو ماڵێ دەڕوا. لە بەردرگا

هێشتا نەگەیونەتە یەک کە مووشەکێکی دیکە لێدەدرێ زانیار چەند تیکەی وێدەکەوێ بەڵام هەڵدەستێتەوە سەر پێ و بەرەو ڕیحانە دەڕوا لە کاتێکدا ڕیحانە هیچ برینێکی پێوە دیار نییە، بەڵام هێشتا زانیار نایگاتێ کە دەکەوێ.

وەک زانیار بۆ ڕووداوی باس کرد کاتێک کە ڕیحانە دەکەوێ ئەو پێی وادەبێ لەبەر بینینی برینداره‌کانی ئەوە کە ترساوە و بێهۆش بووە بەڵام کاتێک دەبینێ پشتی سەری برینداره و تیکە لە پشتی سەری کەوتووە

خێرا بەرەو نەخۆشخانەی کۆیەی دەبەن ڕیحانە لەوێ چارەسەر نابێ بۆ هەولێری ڕادەگوێزن لەگەڵ هەوڵێکی زۆری دوکتور و کادری دەرمانی ڕیحانە توانای تەحەمولی ئەو هەموو ئازارەی نامێنێ و بۆ هەمیشە دڵی پڕاوپڕ لە ئەوینی لەلێدان دەکەوێ و ئاخر یادگاری کە کوڕێکی جوان دەبێ بەجێ دەهێڵێ بە ئومێدی ئەوەی لە دوای ئەو ببێ بە یار و هاودەمی زانیار و بۆنەی ئەوی پێوە بکا، بەڵام هەزار جار مەخابن کە چارەنووسی زانیار لەوە ڕەشتر بوو کە بیری لێ بکەینەوە.

وانیاری بچکۆلە بە ناتەواوی هاتبووە دوونیا و ئەگەر بژیابایە کێشەی جەستەیی پەیدا دەکرد و لەلایەکی تریشەوە دایکی شەهید ببوو بۆیە بە ناچار زانیار داوای پزیشکەکانی قەبووڵ کرد و ئامێرەکانیان لێ کردەوە و وانیاری یەک ڕۆژە بوو بە بچووکرتین شەهیدی مێژووی کوردستان

ئیتر کاک زانیار مابوو و دوو تەرمی خۆشەویست و جەستەیەکی زامدار، ئازارێک کە تەنانەت لە تراژدیترین چیرۆک و فیلمەکانیش نەبیندراوە، زامێکی قووڵ کە هەرچۆنێکی لێی بڕوانی سارێژ نابێ

وێنەی کاک زانیار کاتێک وانیاری شەهیدی لە پەتۆیەکەوە پێچاوە بوو بە وێنەیەکی جیهانی لە جەنایەتیکانی شەڕ. شەڕێک کە نە وانیار و نە ڕیحانە و نە تەنانەت خودی زانیاریش تێیدا هیچ بەشێکیان نەبوو، تەنیا ئەوە بوو ڕیحانە و زانیار نەیانتوانیبوو چی دیکە زوڵم و ناحەقی تەحەمول بکەن و بۆ وەرگرتنی مافی ڕەوای خۆیان و گەلەکەیان لە شار و زێدی خۆیان هاتبوونە دەرێ و چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان کردبووە



**زانیار تەرمی کوڕە یەک ڕۆژەکەی لە باوەش دابوو و شانی وەبەر لایەکی تابووتەکەی ڕیحانە دابوو و بەرەو مەزارگەی نەمران دەڕۆی. کاتێک بە دڵێکی حەزینەوە بە خاکی پیرۆزی نیشتمانی دەسپاردن دڵی نەدەهات لە یەکیان جیا کاتەوە بۆیە هەردووکیانیانی بە نیزیکترین مەودا لەلای یەک ناشتن**

شانیان و بە دژی دەوڵەتێک کە دەیان ساڵە پیشەی بووەتە چەوساندنەوەی گەلانی دیکە و خۆی لە سەرەوە خەریکە خوێنیان لە کاسە دەکا خەباتیان دەکرد. زانیار وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بە پرنسیپ و بە ئەخلاق و ڕیحانە وەک ئەندامێکی دڵسۆزی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب و ئەندام و سەرشانەی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان کار و چالاکیان دەکرد و بۆ هیچ کارێکی حیزبی درێغیان نەدەکرد

زانیار تەرمی کوڕە یەک ڕۆژەکەی لە باوەش دابوو و شانی وەبەر لایەکی تابووتەکەی ڕیحانە دابوو و بەرەو مەزارگەی نەمران دەڕۆی. کاتێک بە دڵێکی حەزینەوە بە خاکی پیرۆزی نیشتمانی دەسپاردن دڵی نەدەهات لە یەکیان جیا کاتەوە بۆیە هەردووکیانیانی بە نیزیکترین مەودا لەلای یەک ناشتن

ئازار و غەمی زانیار لە کاتێکدا چەندهێندە دەبێ کە دەچێتەوە ماڵێ و ماڵەکەی بە چۆڵی دەبینێ کەس نابێ بەرەوپیری بێ و بە بزەیەکی خۆشەوە بڵێ: «بەخێر بێیەوە ئازیزم» و ئەویش لە وڵامدا بڵێ: «قوربانت بم نازدارەکەم تۆ بڵێ بۆخۆت چۆنی؟ و دوایە چاوێک لە زگی بکا و بڵێ خۆ دایکت ئەزێت نەکردووە کوڕە»؟

کاتێک بڕیار وابوو ماوەیەکی دیکە دەنگی گریان و پێکەنینی منداڵێک لەو ماڵە بێ و ئێستا هەم دایکەکە و هەم منداڵەکەی لەدەست داوە و ماڵەکەی بەیکجاری چۆڵ بووە

جەنایەتێک کە هەتاهەتایە لە یادی نە زانیار و نە هیچ کەسێکی کە چیرۆکی ژیانی ئەوی بیستبێ ناچێتەوە چیرۆکێک کە پێویستە نەوەک نەتەوەی کورد بەڵکوو هەموو دونیا بیبیستێ

# ئاوڕدانەوەیەک لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و خەسارناسی و دەستکەوتەکانی



فەتاح ڕەسووڵی

دوای کوژرانی کچە کوردی ڕوژهەڵاتی کوردستان ژینا ئەمینی لەلایەن هێزە داپلوسینەرەکانی گەشتی ئیرشادی ڕێژیمی ئێران لە تاران بە بیانوی ئەوەی یاسای ڕووپوشی ئیجباری جی بە جی نەکردوە هەست و سوزی گەڵی کوردی بریندار کرد و لە بەرابەری ئەم جینایەتەدا خەڵک کاردانەوەی لە خۆی نیشان دا لە زووربەی شارەکانی ڕوژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربرینی نەفرەت و بێزاری ڕژانە سەر شەقامەکان بە دروشمی مردن و نەمان بو خامنەی و ڕیژیمە فاسید و سەرەرویەکەی دڵی داگیر کەرانی کوردستانیان وەلەرزین خست، ئاگری ئەم ڕاپەرینە شەو ڕۆژ بێپسانەوە بەردەوام بوو و هەر دەهاتوو ڕێژەی پەیوست بوونی جەماوەری زیاتری بەخویەوە دەگرت، زووری نەخایاند بلیسەی ئەم شورشە بەشێکی

**ئەم ڕێژیمە نیزیک بە تەواوی مەشروعیەتی لەنێو گەلانی ئێران لەدەستداوە و کەوتووتە بەرەی دژی گەڵ و بۆ مانەوەی خۆی هەر چەشنە نارەزایەتیک ڕاستەوخۆ و سەرکووب دەکات و گوێرایەل و ولامدەری هیچ وڵات و بونیادە مافی مرۆڤی و سازمانە جیهانیەکان نییە**

بەرچاو لە شار و پاریزگاکانی ناوەندی ئیرانیشی گرتەوە ئەوانیش بو پەشتیوانی لەم حەرەکەتە شورشگیریە تێکەڵاوی ئەم نارەزایەتییە بوون و بە دروشمی (کوردستان چشم و چراغ ایران) مردن و نەمان بو ڕێژیمی کوماری دژی گەڵی دەنگیان بەرز کردە و شەقامەکانیان کردە گورەپانی بیزاری و نارەزایەتی و لەبەرابەر هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا ڕاوەستان و کۆڵیان نەدا، ئەم شورشە چەند مانگ بەردەوام بوو، ڕێژیم بەتەواوی نیگەران و شڵەژابوو چوون بە دریژای تەمەنی دەستەڵاتدارتی سەرهەڵدان و شورشی ئاوای بە خۆیەوە نەدیبوو ، سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوە شەقامیە هی ساڵێک و چەند مانگ نەبوو

**ئەم بزوتنەوە نارزایەتییە جەماوەریە لە ماوەی دەستەڵاداری ئەم ڕێژیمە کەم وێنە بوو دەنگدانەوە و کاریگەری لە نێوخۆی ولات گیشتە لوتکە و سنورەکانی بڕی بوو بە سەردێری هەواڵدەریەکانی جیهان و هەمویان بە گرینگەوە باسی ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیان کرد، بزوتنەوەی ژینا کە دواتر بە شورشی ژن ژیان ئازادی ناوی دەرکرد،**

بەڵکو ڕق و بێزاری کەڵەکەبووی زیاتر لە چوار دەیە ستەم و هەلاواردن و کوشتن، ئیعدام، زیندان، ترس و تۆقاندن و بێکەرامەت کردنی خەڵکی ئێران بوو لە ماوەی دەستەلاتداری ڕێژیمی دژی ئازادی ویلایەتی فەقیی، سەرهەڵدانی ئەم شورشە ناوند و قولایی ڕوژهەلاتی کوردستان بوو، بەلام بوو بە مەجال و بەستێنێک کە خەڵکی وەزاڵەهاتووی نەتەوەکانی ئێران لەم شورشەدا وەدەنگ هاتن و ئەوەی گرینگ بوو یەکریزی یەک گوتاری هاوهەڵوێستی دژی ڕیژیم بەبی جیاوازی مەزهەبی زمان نەتەوە بە هەمو ڕنگەکانیوە، ئاستی هوشیاری سیاسی خەڵکی ئێران بەم ئاکامە گیشتونە کە چارەنوسیان بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە ئازادی لیک گریدراوە و نابێ چاوەڕوانی لایەنێک یا وڵاتێک بن تا لەم دۆخە ڕزگاریان کات و تەنیا ئەبی پەشت بە هێزو توانای خویان ببەستن و یەکلایی کەنەوە بو ڕامالین و تیکەورپیچانی ڕێژیمی میزەربەسەرانی جەهل و نەزانی ئاخوندی، ئەم بزوتنەوە نارزایەتییە جەماوەریە لە ماوەی دەستەلاداری ئەم ڕێژیمە کەم وێنە بوو دەنگدانەوە و کاریگەری لە نێوخۆی ولات گیشتە لوتکە و سنورەکانی بڕی بوو بە سەردێری هەواڵدەریەکانی جیهان و هەمویان بە گرینگەوە باسی ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیان کرد، بزوتنەوەی ژینا کە دواتر بە شورشی ژن ژیان ئازادی ناوی دەرکرد نرخیشی زۆر گران بوو بەسەدان کەس لەسەر شەقامەکان خەڵتانی خوێن کران بە هەزاران بریندار و دەیان کەس کەمئەندام بوون و دەیان هەزار کەس دەستبەسەر و خرانە چاڵە ڕەشەکان، هێندێکیش پەریوەی هەندەران بوون بەلام ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی باش و سەرکەوتوو بوو بە یەکریزی و یەکگرتوویی پێکەوە خەبات کردن و فراوانتر کردن و گشتگیر کردن بۆ هاتنە مەیدانی شورشێکی سەراسەری

**لەم بزوتنەوەیەدا گەلانی ئێران بۆیان دەرکەوت هەموو شتێک پێچەوانەیە ئەوی ڕێژیم باسی کردوە دورە لە ڕاستی تەنیا فریودان و چاواشەکردنی بیروڕای گشتیە و گەلی کورد ستەمی نەتەوایەتی لێ کراوە و مافی پێشێل کراوە**

و بێ کوتاییهێنانی یەکجاری دەسەڵاتی شوومی ویلایەتی «فەقیهـ» لە داهاتودا، بەرهەمی ئەم شورشە بوو کە گەلی کورد ئەوە بوو کە ئەم گەلە زیاتر لە



«سەدساڵە» خەباتی بەردەوامە بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی لەم پێناوشدا نرخێکی قورسی پێشکێشی بارەگای ئازادی کردووە بەڵام دەستەڵاتدارانی مەرکەزگەرا نەتەنیا هیچ کات ئامادە نەبوون دان بە مافەکانی ئەم گەلە ژێر ستەمە دانیێن تەنانەت نەتەوەکانی غێرە کوردی ئێرانیان وا تێگەیاندبوو کە کورد شەرخوازە جوداییخوازە و دەیان تومەت و بوختانیان دابووە پاڵ ئەم گەلە خۆشی لەخونەدیوە، بەڵام لەم بزوتنەوەیەدا گەلانی ئێران بۆیان دەرکەوت هەموو شتێک پێچەوانەیە ئەوی ڕێژیم باسی کردوە دورە لە ڕاستی تەنیا فریودان و چاواشەکردنی بیروڕای گشتیە و گەلی کورد ستەمی نەتەوایەتی لێ کراوە و مافی پێشێل کراوە ئەم شۆڕشە مەجالێک بوو بۆ ئاشتەوایی ئاشنابوونی لۆژیکی پتەوکردن و تەبایی و یەکڕیزی خەباتی دژی ڕێژیم بۆ گەلانی مافخوازی ئێران ئەم ڕێژیمە نیزیک بە تەواوی مەشروعیەتی لەنێو گەلانی ئێران لەدەستداوە و کەوتووتە بەرەی دژی گەڵ و بۆ مانەوەی خۆی هەر چەشنە نارەزایەتیک راستەوخۆ و سەرکووب دەکات و گوێڕایەل و ولامدەری هیچ وڵات و بونیادە مافی مرۆڤی و سازمانە جیهانیەکان نییە، بەڵام لیرەدا پرسیارەکەی ئەوەیە هوکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم شورشە چیی بوون؟ ئەگەر بە شێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە چەند خاڵدا خەسارناسی و ڕونکردنەوەی بۆ بەکەین

یەک: ڕوژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی هەمیشە پێشەنگ بووە لە خەباتی

**ناتەبای یەکتر قەبووڵ نەکردن و پەرشوبڵاوی ئۆپۆزیسیۆن گەلانی ئیرانی توشی نا ئومێدی و سەر لێشیوان کردوە. لە نێوخۆی ئێرانیش شانسی دروست بوونی وها ئالترناتیوێک سیفرە.**

نەتەوایەتی بۆ دەستەبەر کردنی مافە زەوت کراوەکانی لەباری ڕوشنبیری و هوشیاری سیاسی و ڕێکخستنی جەماوەری و جوغرافیایی و دوورە لە مەرکەز و دە لە سەدی ئاماری ئێران پێک دێنێ و کەوتووتە قەراغی ڕۆژاوا چوارچێوەی وڵاتی ئێران بێ پشتیوانی گەلانی ئێران توانای گۆڕینی دەوڵەتی مەرکەزی هێندێک ئاستەمە

دوو: لەم شوڕشەدا ڕیژەی بەشداری خەڵکی ئێران بە گشتی بەم فراوانیە نەبوو کە هەموو شار و چین و توێژەکانی بگەڕیتەوە

سیهەم: چینی مام ناوندی ئەوەی پێی دەڵین (چینی خاکستەری) و بەتایبەتی چینی سەرمایەداری کە زۆر گرینگە و کاریگەری چارەنوسسازە و ئابوری ئێرانیان بەدەستەوەیە بۆ بەرژەوندی و پاڕاستنی سەرمایەکەیان تا ساتەکانی مەرگی ڕێژیم خویان یەکلایی ناکەنەوە و بەشدار نەبوون

چوارەم: لە هەموان گرینگتر ئەوەیە کە دەگەڵ ئەوەی گەلانی ئێران پتانسیلی ئەوەیان هەیە و ئامادەن بۆ هەر مەجالێک بو نارەزایەتی و خەباتی مەیدانی و مەدەنی لە شەقامەکان بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش نە پشتیوانی نێودوڵەتی هەیە نە بەدیلێک لە هێزە دژبەرەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی سنورەکان دڕوست بووە تا ئەم نارزایەتی و سەرهەلدانانە ریبەری و سازماندهی و ڕیک بخات و خەتیان بداتی



# ڕاپەڕینی ژینا و کورتە ڕامانێک

ناسک نەسیری

ڕاپەڕینی ژینا، ڕاپەڕینێکی جەماوەریی بەهێز بە دروشم و ویستی بەهێز، کە دروشم و ویستگەلێکی مێژوویی کەمتر بە ڕاشکاوی دەربڕدراو بوون و ترسی سەرەکیی دوژمن لە خرانە ڕووی ئەم دروشم و ویستانە بووە و هەیە، بەڵام ئەم ڕاپەڕینە لە چەند ڕوویەکەوە زوڵمی لێ کراوە و لێ دەکرێت. هۆکارەکەشی هەر خودی کورد و ڕەوتی سیاسیی کورد و ڕاگەیاندنی کوردییە. لێرەدا ئاوڕێک لەم مژارە دەدەینەوە

یەک: وا باس دەکرێ کە گوایە ڕاپەڕینی ژینا، گەورەترین ڕاپەڕین لە مێژووی کوردستاندا بووە. ئەمە هەم زوڵمە لە مێژووی کوردستان و هەم لە خودی ڕاپەڕینی ژینا. زوڵمە لە ڕاپەڕینی ژینا چونکوو گەورەکردنەوەی لەم قەوارەیەدا، بە ئاکام نەگەیشتنەکەی دەکاتە هۆکارێک بۆ دڵساردیی شەقامی کوردستان و بە خۆیان دەڵێن جا مادام ئەم ڕاپەڕینە کە گەورەترین ڕاپەڕینی مێژووی کوردستانە بە ئەنجام نەگەیشت و سەرکوت کرا، دەی کەواتە کورد بە ئامانج ناگات. ئینجا باس کردنی هەر بابەتێک لە قەوارەی خۆیدا گرنگە نەک گەورە یان بچووک کردنەوەی. هەر کامێک لەمانە، گەورەکردنەوە و بچووک کردنەوە خۆی خەساری خۆی بەدواوەیە. کەواتە ڕاپەڕینی ژینا، خاڵێکە لە مێژووی ڕاپەڕینی کوردستاندا، لە درێژەی مێژوویەکی تەژی لە ڕابوون و ڕاسانەوە و بەرنگاریی داگیرکەردا، هەر لە ڕاپەڕینی جوتیارانی موکریان و فەیزوڵابەگییەوە هەتا کۆڕەوی مەریوان و ڕێپێوانی خەڵک لە سنەوە بەرەو مەریوان و نارەزایەتییەکان بە شەهیدکرانی شوانەی سەید قادری و دەیان نموونەی تر لە مێژووی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بەو جیاوازییە کە لە سەردەمی ڕاپەڕینی ژینادا، ڕاگەیاندن و تۆڕی کۆمەڵایەتی هەن و کوردی تاراوگەش چالاکتر بوو و ڕێژیمیش گوشاری دەرەکیی زۆرتری لەسەر بوو و یەک خاڵی تریش کە بریتی بوو لە دروشمەکان کە سەربەخۆیی خوازانە بوون و بەداخەوە ئەمەش خودی حیزبەکان و سەرکردەکانیان لە دەرفەتەوە کردییان بە هەڕەشە و لەبری زەق کردنەوەی، بۆ دڵی فارس، شاردییانەوە و خەڵکیان پێ دڵسارد کرد

دوو: ڕاپەڕین بوو نەک شۆڕش: بەداخەوە تا ئێستاش بە هەڵە، جا یان بە ئانقەست یان بە نەزانانە، لەبری ڕاپەڕینی ژینا، شۆڕشی ژینا بەکار دێت. شۆڕش، ویستەکانی ڕوونن و ویستی ڕووخاندن و ئاڵوگۆڕیی هەیە و بە چرکەساتێکەوە ناوەستێ و داواکارییەکانی تەواو ڕوونن. لە ڕاپەڕینی ژینادا، ئەمە بەدی نەدەکرا و بگرە بەهۆی نەبوونی ڕێبەرییەکی ڕوون و دیار و بوێر، دژواریش بەدی دەکرا، کە ئەمەیان خاڵێکی گرنگە و دەبێ لە شوێنی خۆیدا باسی بکرێ

سێ: ڕاپەڕینەکە بە ناوی ژیناوە ناو نرا. ئەمە ئاساییە و لە گشت شوێنێک، هۆکارێک، شوێنێک، ناوێک و هتد، ناودێر دەکرێ بەڵام ئەوەی کە دواتر ناویان نا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، تەنیا کەڵکاوەژۆی هەندێک ڕەوتی کوردیی پێوە دیارە کە دەیانهەوێ بڵێن ئەوان ژنی کوردیان خوڵقاندووە ئەگینا بەر لەوان ژنی کورد زیندەبەگۆڕ بووە. ئەم ڕاپەڕینە، ڕاپەڕینی کوردستان بوو بە هۆی شەهیدکرانی کیژێکی کورد و دروشمی ژن، ژیان، ئازادیش دروشمێک لە دروشمەکان بوو. مخابن تا ئێستاش لە ڕاگەیێندراوی هەموو حیزبەکاندا و بەتایبەتی هی پەکەکەدا هەموو شت دەبردرێتەوە سەر ژن، ژیان، ئازادی و تەنانەت کەسانێک بێهۆ دەینووسنەوە و دەیڵێنەوە، وایان لێ کردووە کە هەندێک چاوەدێری سیاسی دەڵێن ئەم دروشمە لارێ کراوە و وردەوردە سووک کراوە. (پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تری باشوور، تا ئێستاش خۆیان لێ بێ خاوەن کردووە و بەڵکوو بەداخەوە لەدوای ئەم ڕاپەڕینە، هەموو هەوڵەکانیان خستووەتە گەڕ تا ئامانجەکانی ڕێژیمی ئێران بێننە دی کە ئەمە لە قەڵاچۆکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و سەردانی بەناو سەرۆککۆماری ئێران بۆ سلێمانی و هەولێر دیارە)

چوار: بە هۆی لێکدانەوەی هەڵە و نەناسینی فارس و ئێرانییەکان، هەندێک لایەن و تاکی سیاسی، لەم ڕاپەڕینەدا کوردییان کرد بە قوربانی. ئەوان وایاندەزانی فارس و ئێرانییەکان دێن و دەست دەدەن بە دەستی کورد و ئیتر پێکەوە ڕێژیمی ئێران دەڕووخێنن. ئەوە دەریدەخست کە ئەوان نە ئێرانیزمیان ناسیوە و نە ئێرانی. ئەوەش وایکرد تا دروشمەکانی کوردستان و ویستەکانی خاو بکەنەوە و لە ئەنجامدا ڕۆی بمرکێنن و بیکوژێننەوە. یەکگرتوویەکی کە هەتا ئێستاش هەر ئەو کەس و لایەنانە دروشمی بۆ دەدەن و دەڵێن ڕاپەڕینەکە هی ئێران و کوردستان بووە. سەیر ئەوەیە کە ئێستاش ناوی ئێران وە پێش ناوی کوردستان دەدەن و زۆرن ئەو لایەن و تاکە کوردانەی کە تا ئێستاش ئەگەر نەنووسین مەهسا-ژینا، دڵیان ناحەسێتەوە. کۆی ئەمە بۆ ڕازی کردنی دڵی فارس بوو. ئەمەش دەریدەخست کە تا ئێستاش نازانن لە پێناو چی خەبات دەکەن و لە دژی کێ. هەر ئەوەش وایکرد دونیاش وەک ئەمان، کورد کەمڕەنگتر ببینێ و ئێستا ڕاپەڕینی ژینا سەرمەشقی هەموو جیهان بێ، هی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات نا. جیهان و ئێرانییەکانیش کەڵک لە ناوەرۆکی ڕاپەڕینەکە وەردەگرن کەچی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و پەکەکە، تەنیا لە ناوەکەی ڕاپەڕینی ژینا وێستگەیەک بوو بۆ


یەک: شەقامی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ویست و دروشم و داواکار و حەزی خۆی خستە ڕوو. ئەمە لەتەک حەز و ویستی و خواستی حیزبەکان و سیاسیکارەکانی



ئێرانچی و ئەوانەش کە خۆیان لەنێوان ئێرانچێتی و کوردایەتیدا حەشار داوە و تا ئێستاش کەس نازانێ بەری کام لان، خستە ڕوو و دەستنیشانی کرد دوو: دوورکەوتنەوە و درز لە نێوان شەقام و حیزبەکان بەم شێوەی کە ئێستا هەن. خەڵک دروشمی کوردستان، گۆڕستانی فاشیستانیان دا و ئەوان، کوردستان چێشم و چراغی ئێران. ئەمە پێمان ئێژێ کە ئێستا سەردەمی ئەوە هاتووە کۆتایی بە شێوەکۆنەکەی خەبات بەو شۆڕشە کۆنە و بەو پێکهاتە کۆنە بێت و شۆڕشێک لە ڕەگەزی کوردستان دەست پێ بکاتەوە. هەر کۆی ئەم توخمانەش بوو وایکرد، ڕێژیم زەفەر بە حیزبەکان بەرێ و ڕاگۆێزیان بکات.

کۆبەند:

ڕاپەڕینی ژینا، وەک وێستگەیەکی تر یان خاڵێکی تر لە ڕاپەڕینی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە بۆ ماف و داواکارییەکانی کە بریتییە لە بنیاتنانەوەی کۆماری کوردستان. ئەم ڕاپەڕینە پێی پیشان داین کە وزە، هێز، داواکاری و تینی کوردستان و کوردستانیان بۆ مافەکانی، بە هیچ شێوەیەک نەک کەمی نەکردووە بگرە هەڵەسوونی هێناوە. نەوەی نوێ، خوێنی نوێی لە دەماریان دایە و ئەم گڕکانە، گڕی نوێی تێخزاوە. بەڵام هەندێک کۆسپ و کەند لەسەر ئەم ڕێگایە هەن کە دەبێ بسڕدرێنەوە ئەگینا ئەم خوێنە نوێ و گەرمەش مەیو و سارد دەبێتەوە. ئەمە پێویستیی بە شۆڕشێکی نوێ، شعوورێکی نوێ و ڕاسانێکی نوێ هەیە. ئەم شۆڕشە لەنێوخۆوە دەکرێ، بۆیە دەبێ شعوور و ڕاسانەکەشی لەنێوخۆوە بێ. چونکوو ئەوەیتر تاقیکاریی خۆی داوەتەوە، بە حیزبەکانیشەوە و بەوانەشەوە کە وەک دەمڕاستی کورد و سیاسیکار لێرە و لەوێ دەدوێن و دەردەکەون. یەکگرتوویی لەگەڵ ئێرانیەکانیش خەیاڵی خاوی بەر بایە. ئەوان هەروەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، وەک لە پەیماننامەکانیاندا و وەک لە شەقامی ئورووپایاندا بەدی دەکرێ، لە جەماران زیاتر بە خوێنی سەری کورد تینوون. ئەوان هەموویان بە قەڵاچۆکردنی حیزبەکان شاگەشکەن و بە سڕینەوەی تیرۆر لەلایەن ڕێژیمی ئاخوندی دەزانن کە خۆی چاوگە و خواوەندی تیرۆری ناودەوڵەتییە. بۆیە کوردستان، هەرچەند دژوار و ئەستەم، دەبێ ڕێگای خۆی بڕوات. خۆ ئەم ڕێگایە چەندیش دژوار بێ، لەو هەموو هێرش و جوێن و پەرتەوازەکرانەمان لەلایەن ئەوانەوە لەم ڕاپەڕینی ژینایەدا، دژوارتر نییە. ڕاپەڕینی ژینا، بەم دژواری و دووڕووییە سیاسییە کە هەبوو، سڕ کرا. شەقامی کوردستان هەستی بەم پێکناکۆکی، دوڕوویی و چەواشەکارییە سیاسییە لە پێناو بەرژەوەندیی تاکەکەسی یان بەهۆی ئەقڵی ئێرانچییەوە کرد، بۆیەش ڕۆمرکا. ئەگەر ئەمە نەبووایە، ئەم وێستگەیە، دەیتوانی بە بەشێک لە مەنزڵگەی خۆی بگات



# سوودەکانی ڕۆزماری

جیهان بێتووشی



ڕۆزماری ڕووەکێکی هەمیشە سەوزە و لە هەر چوار وەرزەکەدا بە تازەی هەیە لە بنەماڵەی نەعنایە و بۆندارەو کۆمەڵێک سودی تەندروستی باشی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە بەتایبەتی بۆ لایەنی جوانکاری دەتوانرێ وەکو بەهارات بەکاربێت و بۆن و تامێکی خۆش بداتە خواردنەکانمان ڤیتامینەکانی Aو E تێدایە ویارمەتی باشترکردنی سوری خوێن و چالاکردنی خوێن دەدات ڕۆزماری بۆ نێکی توندی هەیە و بەوەش چارەسەرێکی باشە بۆ ئەو کەسانەی سترێسن و لە دڵەڕاوکێدان ڕۆزماری دەتوانرێ بە بڕێکی کەم بەکاربهێنرێ بۆ ئەو کەسانە کێشەی هەرسیان بۆ دروست دەبێ بەهۆی هەندێ خواردنەوە ڕۆزماریسیحری جوانی پرچ دەزانن بۆ ؟چونکە ڕۆزماری دەتوانێ بتانکاتە خاوەنی پرچێکی جوان و سەرنج ڕاکێش ڕۆنی ڕۆزماری دەبێتە هۆی گەشەکردنی پرچ و ڕێگری دەکا لە ڕوتانەوەی موی سەرو وشکبونەوەی پێستی سەر کە دەبێت لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ زیاتر بەکارنەیەت و نابێت لە ٣ سەعات زیاتر بە بێخی سەرە بمێنێتەوە وە دەتوانرێ ڕۆزماری هەر بەتازەی لەگەڵ مێخەکدا بکوڵێنرێت و دوای شۆردنی سەر لە پرچ بدرێ تا بیپارێزی لە وشک بونەوە جگە لەهەموو ئەو سوودە باشانە دەبێ ئاگاداری زیانەکانی ڕۆزماریش بین وەکو ڕۆزماری بۆ ئەوکاسانەی کە کێشەی گورچیلەیان هەیە دەبێ ئاگاداە بن لە بەکارهێنانی و بە کەمی بەکاری بهێنن بۆ ئەوکەسانە برینی مەعیدەشیان هەیە نابێ بەکاربێت بە هۆی تامە تیژ و توندەکەیەوە بۆ ئافرەتانی دوگیانیش دەبێتە هۆی گرژ بوونی منداڵدان و نابێ بەکاربێنن هەروەها بۆ بێخی سەریش نابێ لە دوو ڕۆژ زیاتر لە هەفتەیکدا بەکاربێت دەنا دەبێتە هۆی سوتانی پرچەکە ڕۆزماری بەکاربێنە بەڵام بە پێی پێویست

## مەرگی لەناکاوی کچی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١٢ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی، «چنوور گەڵوانی» کچی مستەفا گەڵوانی کادری لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوژینی کامران محەممەدزادە، پێشمەرگەی حیزب بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٤٠ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد.چنوور گەڵوانی، کچی مستەفا گەڵوانی و ئامینە ساوجبلاغی، دەرچووی پەیمانگای ڕاگەیاندن بوو.

ئەو کچی بنەماڵەیەکی خۆشەویست و نیشتمانپەروەری نێو ڕیزەکانی حیزب بوو و ماوەی چەند ساڵ بوو لەگەڵ یەکێک لە پێشمەرگەکانی حیزب بە ناوی «کامران محەممەدزادە» ژیانی پێک هێنابوو. چنوور ماوەیەک بوو تووشی نەخۆشی ببوو و ئێوارەی ١٢ی خەرمانان، لەکاتی گەڕانەوەی لەلای دوکتور دڵی لە لێدان کەوت و ماڵاوایی لە ژیان کرد و هەموو ئەو خەون و ئاواتانەی بۆ کچە تەمەن١٣ساڵانەکەی هەبیوو لەگەڵ خۆی بردییە ژێر گڵ.

لەلایەن «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خاتوو چنوور و خزم و کەسوکاری دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین

# پەیامی پشتیوانیی چەند ڕێکخراوی جەماوەری و مافی مرۆڤ لە مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان




**خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواری!**

٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ، دوو ساڵ بەسەر شەهیدکرانی ژینا ئەمینی بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە تاران تێپەڕ دەبێ. ئەم جینایەتە وەک قەتڵە حکومەتییەکانی پێشوو بەسەر تاراندا تێنەپەڕی و هەر زوو خەڵکی وەزاڵەهاتووی ناوچە جیاجیاکانی ئێران و کوردستان یەکگرتووانە خاوەنداریەتییان لەم ڕۆڵە بێتاوانەی گەلی کورد کرد و ڕاپەڕینی سەرتاسەری گەلانی ئێران بە ویست و داخوازی سەردەم، پاش زیاتر لە چوار دەیە حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی سەری هەڵدا کە ڕیشەی لە مافخوازییەکی بنەڕەتی ئەو گەل و نەتەوانەدا هەبوو.

نەتەوەی کورد لە هەموو چین و توێژەکان بە لاوان، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و کرێکاران بە دروشمگەلی نەتەوەیی و مۆدێرن کە پێداگرییان لە ڕامالینی داگیرکەر و تێپەڕین لە قۆناغی داگیرکاری دەکرد، سەروەرییەکی نەتەوەیی گەورەیان تۆمار کرد کە لە بیرەوەری نەوەی نوێدا وەک هەرەوەزێکی هاوبەش و یەکگرتوو بە بەرزی دەمێنیتەوە.

بزووتنەوەی "ژینا" بە دروشمی سەرەکیی "ژن، ژیان، ئازادی" هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی و وانە و دەسکەوتی نوێ بوون کە نابێت لەبیریان بکەین:

١. لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی زاڵ لە تارانەوە سیستماتیک لە هەوڵی سڕینەوەی تایبەتمەندیی نەتەوەییدایە، بزووتنەوەی ژینا ئەو دەرفەتەی خوڵقاندووە کە جارێکی دیکە نەتەوەکانی ئێران بە هاودەنگی و هاوخەباتی خۆیان پرسەکانیان بهێننە گۆڕێ و خەبات بکەن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان، کە بەداخەوە لەناو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیشدا کەم نەبوون ئەو لایەنە غەیرە کوردانەی کە بە عەقڵییەتی پاوانخوازانە دەجووڵانەوە و جاڕی دووبەرەکی و لێکترازانی هاودەنگییان دەدا و ڕوانینیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی نەتەوەکان هەر وەک یەک بوو.

٢. خۆڕسکبوون و خۆماڵیبوون و پشتئەستووربوونی بزووتنەوەکە بە هێزی جەماوەر، ئەو چەکە بوو کە کۆماری ئیسلامی لێی دەترسا، هەر بۆیەش هەوڵی دەدا بە پڕوپاگەندەی درۆیین خەباتی نەتەوەی کورد بە وڵاتانی بێگانەوە بلکێنێت کە ئەمەش ئەسڵ و ئەساسی نەبووە و نییە.

٣. ئاشنابوونی جیلێکی نوێ لە لاوانی کۆمەڵگا بە نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی و تێگەیشتنیان سەبارەت بە زەوتکرانی ماف و ئازادییەکانیان و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ ڕۆحی نەتەوەییی سەردەم، دەرفەتێکی نوێی خوڵقاندووە بۆ ڕامالینی داگیرکەر.

٤. بەرچاوبوونی دروشمی نەتەوەیی و شوناسخوازانە کە ڕیشەیان لە هەناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا بوو، پێمان دەڵێت کە کۆمەڵگای کوردی داگیرکاریی هزری ڕەت کردۆتەوە و لە پێشوو شوناسخوازترن.

٥. پێشەنگایەتی توێژی ژنان و بەرچاوبوونی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" توانی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی ئیسلامیی ئێران وەلەرزە بخات و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بهێنێتە سەرخەت و دەرفەتی بەشداریی سیاسی زیاتر بۆ ژنان دابین بکات.

٦ـ شکستی ڕەفتاری تاکڕەوانەی هەندێک لایەن و کەوتنە پاڵ بازنەیەکی چەقبەستووتر و چاونەزێرتر لە کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت پرسی کورد لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، وێڕای هەموو زیانەکانی بەڵام تێگەیشتن و بایەخی نوێ لە پرسی نەتەوەیی دروست کرد، ئەویش سزای گەل و چوونەسەرەوەی باجی لادان لە پرەنسیپە نەتەوەیییەکان بوو لە نێو کۆمەڵگای کوردی.

٧ـ دەسەڵاتی هەڕۆڵی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران نێوەڕۆکی پووشاڵی خۆی دەرخست و هێزی جەماوەر سەلماندی کە دەتوانێت قەڵای زۆرداری تاران هەڵتەکێنێ و زەبروزەنگ کاریگەریی لەسەر دەربڕینی ناڕەزایەتی و ویست و داخوازییەکانیان نییە.

٨. خاوەنداریەتی کۆمەڵگا لە حیزبە کوردییەکان بەتایبەت حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان چ پاش مووشەکباران و چ لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکاندا ڕەوایی و بەردەوامیی لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگانە چەندهێندە کرد.

٩. پێشەنگایەتی بنەماڵەی شەهیدان لە بەردەوامیی و گڕوتین بەخشین بە خەبات و بزووتنەوەکە شایانی ڕێزە و ئەرکی هەموو لایەک قورستر دەکات کە ڕێبوارێکی بەئەمەگی ڕێبازی ڕزگاریخوازیی ڕۆڵەکانیان بین و خەونی شەهیدەکانیان وەدی بێنین.

١٠ـ دروستبوونی بەستێنێکی نوێی خەباتی جەماوەری و بەرهەڵستیی مەدەنی کە لە درێژەی بزووتنەوەی ژینادا و لە شانۆگەری هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بەشێوەی هەرەوەزیی بایکۆت خۆی نیشان دا.

هاونیشتمانیانی خۆشەویست!

لەسەر یەک ئەزموون و وانە و دەسکەوتەکانی ئەم بزووتنەوەیە پاش دوو ساڵ دەکرێ هاندەر بن بۆ بەردەوامیمان لە خەبات تا ڕامالینی داگیرکەر و ئەمەش بە بەشداریی هەمەلایەنەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و پشتئەستوور بە جموجووڵە خۆماڵییەکان دەکرێت.

ئێمە ڕێکخراوە جەماوەری و مافپارێزەکانی کوردستان لە دووهەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی پڕشکۆی ژینادا، سەری ڕێز و وەفا بۆ شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان دادەنەوێنین و پشتیوانیی خۆمان لە بانگەوازی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆ مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان دووپات دەکەینەوە و داواکارین هەموو لایەک لەم ڕۆژەدا بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان "نا"یەکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی بڵێنەوە و درێژە بە بزووتنەوەی حەقخوازانەی خۆتان بدەن.

**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان**
**ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤ی کوردی**
**٢٣ی شەهریوەری ١٤٠٣ی هەتاوی**
**١٣ی سپتامبری ٢٠٢٤ی زایینی**

# پەیامی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان بە بۆنەی ٣٢هەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!
تێکۆشەرانی ڕاستەقینە ڕێبازی دێموکراسی و ڕزگاری!

لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی، لە نێودڵی ئورووپای دێموکرات و لە وڵاتی ئاڵمان، سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکرات، دوکتور سادق شەرەفکەندی هاوڕێ لەگەڵ کاک فەتاح عەبدولی، هومایۆن ئەردەڵانی و نووری دێهکوردی کەسایەتیی سیاسیی ئێران لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس کەوتنە بەر دەسڕێژی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کران.
تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی لەم کردەوە تیرۆریستیەدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام بە هۆی هوشیاریی دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی وڵاتی ئاڵمان دەسبەسەر کران و لە دادگایەکی عادڵانە و بێلایەن سزای گونجاو و یاساییان بۆ بڕایەوە و هەروەها ئەو بەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی لەوانە (خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم، ڕەفسەنجانی سەرکۆماری ئەو کات، عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعات و عەلی ئەکبەر وەلایەتی وەزیری دەرەوەی ئێران) لەم دۆسیەیەدا بە تاوانبار ناسێندران.
شایانی باسە، جیا لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، دەستوپێوندییەکان و هێزە بریکارەکانی ڕێژیم وەکوو حیزبوڵڵای لوبنانیش کە هەنووکەش یەکێک لە هۆکارەکانی نائارامیی ناوچەکەن لەم کارە تیرۆریستییە دەوری باڵایان هەبوو.

هاونیشتمانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

ئەگەرچی دوژمنان توانیان ئەم ڕێبەرە لێهاتووە لە نەتەوەی کورد بستێنن بەڵام ئەوەی کە هەرگیز نەیانتوانیوە و ناتوانن تێدا سەرکەوتوو بن، کوشتنی ڕۆحی ڕزگاریخوازی و دێموکراسیخوازییە کە لە نێو دڵ و مێشکی کۆمەڵگای کورستان بەتایبەت کچان و کوڕانی کورد ڕیشەی کوتاوە. وێنەی ئەم کوڕ و کچانەمان لە ڕاپەڕینی ژینا دیت کە چۆناوچۆن بەبێ چەک و بە ورەیەکی قایم و پۆڵایین بەرەوڕووی سپای تاریکی و زوڵم دەوەستانەوە و بە دروشمی "بژی حیزبی دێموکرات" نیشاندەری ڕێی خەبات" وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان بە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەی دوکتور شەرەفکەندی و دوکتور قاسملوو پیشان دەدا و ئەوەیان بە گوێی دوژمندا گەیاند کە ئەگەرچی ڕێبەرانی کورد بە جەستە لە نێو ئێمەدا نەماون بەڵام لە ڕێبازدا زیندوون.
ئەمساڵ کە ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەگەڵ دووهەمین ساڵیادی شەهیدکردنی ژینا هاوکاتە، شایەتی مانگرتنێکی سەرکەوتووانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتین، کە دەرخەری ئەم کەتوارەیە کە نە ڕاپەڕینی ژینا دامرکاوە و نە ناو و یادی ڕێبەرانی شەهید بەتایبەت شەهیدانی میکۆنۆس لای خەڵکی بەشەرەفی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبیر کراوە.

ناو و یادی شەهیدانی کورد و کوردستان بەرز و پیرۆز بێت!
بڕووخێت سیستەمی داگیرکەر و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی!
یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤ی کوردی



# woman
# 68
# Democrattic Women Union of Kurdistan



**نامەیک لە لایەن هاوژینی شەهید لە ٣٢ سالەی شەهید بوونیدا**
**کەژاڵ حاجی عەباسی**
**بە بۆنەی ٣٢ سالەی شەهید بوونی خۆشەویستەکەم فەتاح عەبدولی**
**مەرگی سوورەت ژیانی مانا کردەوە،**

دوایین جار کە لە وێنە خوێناوییەکەتم ڕوانی، دڕندەیی مرۆڤ بەگشتی و دوژمنایەتی و قین لە دڵی داگیرکەرانم بەتایبەتی لە بەرانبەر کورد دا جارێکی دیکە بۆ دەرکەوتەوە.
چوومە نێو خەڵوەتگەی هزرمەوە، بیرم دەکردەوە ئاخۆ جگە لە کوردستان، لە کام شوێنی ئەم گردونە، مروڤ بە تاوانی مافی سەرەوەری، مافی ژیانی لێ زەوت دەکرێت و سزای لە سێدارەدان ولەناوچوونی بەسەردا دەسەپێندرێ؟
بیر دەکەمەوە و دەبینم کە هەر لەو کاتەی دا کە داگیرکەری ستەمکار ئێمەی کورد، بەسەر گروپە نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانییە جیاوازەکاندا دابەش دەکا لە هەمان کات دا چۆن خۆیان بە دزینی زمان، سامان، کولتور و ئاو و خاک و قەڵاچۆکردنی میللەتەکەمان سەرەڕۆیانە درێژە بە دەسەڵات و داگیرکارییەکانیان دەدەن.
بە کۆژرانی هەر تاکێکی کورد بیرم دەگەرێتەوە ئەو ڕۆژەی مەرگی تۆم بیست، خۆم دیتەوەبەرچاو کە چۆن هەم خەمبار و تووڕە، بەڵام بەورە بۆ بەردەوامی ژیان لە خەبات دا بووم. دوای ئەم مەرگە سوورەت، زیاتر لە مانای ژیان، لە بوون ولە بەردەوامی خەبات وهیوا گەیشتم. بۆیە هەموو هەوڵم ئەوە بوو کە تاقانە کوڕەکەت فێری مانای ڕاستەقینەی ژیان بکەم و هیواداری بکەم کە ژیان لەتاراندنی سێبەری بابیشیدا درێژەی هەیە. فیر بووم بیچمی ژیان تەنانەت لە کاتی خەم و ئازاریشدا بەردەوام ومانادارە، بەومەرجەی ڕووناکی هیوا لە هەوارگەی دڵت دا هێلانەی کردبێ. هەر بۆیە لە دڵماندا بە زیندوویی ڕامانگرتی و کردمانی بە چرای ڕووناکیدەری ڕێگای پر تەمتوومانی داهاتوومان.
دوژمنی دڵڕق و پڕ لە کینە لە ناخی دەستدرێژکارییەکانیدا، نەیزانی کە بە نەمانەت برینەکانم دەبنە هەوێنی خەباتێکی بەردەوام بۆ ئازادی میللەتەکەم و بۆ ئەوڕێبازەی لەپێناوی دا عەوداڵی بووم.

دوای مەرگت، فیری دووبارە ژیانەوە بووم، چونکە تۆ مانای ژیان و خەباتت بۆ بە میرات بە جێهیشتبووم. تێگەیشتم کە ژیان تەنها لە زیندووبووندا نییە، بەڵکو لە زیندوو ڕاگرتنی بیرەرەوەری و بەردەوامی ڕیباز دایە.
دوای مەرگت، کاتی ئەوەم نەبوو دۆش دابمێنم و تازەییەباری و شینگیری بکەم، لە بەر ئەوەی منالە تاقانەکەمان لە تاراوگەیی و بیکەسی دا پێویستی بە دووڕگەیەکی ئارامو پشتگیری و ژیانێکی ئاسایی هەبوو . ئەو کاتە زۆر هەستیار بوو، بۆیە پێویست بوو کە بە بەرهەمی ئەڤینەکەمان نیشان بدەم کە هەتامن هەبم ئەو قەت بێ پشت و پەنا نابێ.
بۆم دەرکەوت کە وفاداری و ئەوین دوای مەرگی خۆشەویستەکەت ناتوانێت ڕێگری لە بەردەوام بوونی ژیان بکا، بە پێچەوانە دەتوانێ ببیتە هەوێنی هێز و توانا بۆ گەیشتن بە ئامانج و باوەڕەکانت.
بە مەرگت جارێکی دیکە بۆم دەرکەوت کە خەبات بۆ مافی ژیان و سەروەریی چەندە باجەکەی قورسە بەڵام لە هەمان کات دا گیان بەخت کردن لە ڕێگای نیشتمان دا چەندە شانازی و سەربەرزیە.
مانەوەی ئەو هەست و ئازارانەی کە بەهۆی لەدەستدانی تۆوە لە جەستە و دەروونم دا وەک برینێکی قتماخەگرتوو کە بە هەر زەربەیەک سەرلەنوێ دەکۆلیتەوە، مانای ئەوەیە کە ئەم دوو هەستەی خۆشەویستی و لەدەستدان ڕەنگدانەوەی قووڵی پەیوەندی و کاریگەریی سۆزداریی بەتۆیە کە بەئەمانەت لە جەستەی من دا بە جێت هیشتووە.
ژانی ئەم برینە هەتا گڵەبانی مەرگم هەر لەگەڵمە بەڵام بەعەشقی خۆشەویستی تۆوە دەژیم چوونکە کاتێ بوومە پێشمەرگە مانای ئەو ژیانەم لەسەنگەری ڕزگاریی و ئازادی دادۆزییەوە.
ئارام بگرە
لە هەر کوێ بی
لە سەر عەرز ولەژێر گڵکۆ